# ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانو هـــاوکێشە نوێیەکـــان

## لەچاوپێکەوتنێکی هەڤاڵ مەلا بەختیاردا

ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران

سلێمانی ـ ٢٠١٢

**ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران**

دامەزراوەیەکی کەلتورییە بەپێی بڕیاری کۆنگرەی سێی ساڵی ٢٠١٠ ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دامەزراوە، ئەرکەکەی بریتییە لەدەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی هۆشیارکردنەوەی سیاسی، فراوان کردنی چوارچێوەکانی رۆشنبیری گشتی، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسیو مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵدا، تاوتوێ کردنی مەسەلەکانی بیری هاوچەرخو دابین کردنی کەرەستەی پێویست بۆ پێگەیاندنی کادیران لەبوارە هەمەجۆرەکاندا.

ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانو هاوکێشە نوێیەکان

لەچاوپێکەوتنێکی هەڤاڵ مەلا بەختیاردا

بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران – سلێمانی . ٢٠١٢

ژمارەی سپاردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان (١٠٦٢) ساڵی ٢٠١٢

دیزاینو بەرگ: ئەمیرە عومەر

تیراژ: (٣٠٠٠) دانە

ژ. زنجیرە: (٤٣٥)

www.pukhoshiari.com
info@pukhoshiari.com

# پێشەکی

روداوە جیهانیو ناوچەییەکان، بەتایبەتی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەماوەی ساڵێکی رابووردودا لەدیدگا فکریو سیاسییەکانەوە لێکدانەوەی جیاجیای بۆ کراوە. سەرهەڵدانی راپەڕینەکانو لەسەرکار لاچوونی بەشێك لەو دەسەڵاتە سیاسییە تۆتالیتارانەی جیهانی عەرەبی ئەوە ئەهێنێ کەشرۆڤەی زیاتری سەرلەبەری رووداو و فاکتەرەکانی بکرێ. لەهەمبەر قسەکردن لەسەر پێشهاتەکانو هاتنە ئارای هاوکێشەی سیاسیو نەخشەی سیاسی نوێ، کوردو سەرکردایەتی سیاسی کورد هەڵوێستەو خوێندنەوەکانی چۆنەو بە چ ئاقارێکدایە؟ ئەڵبەتە وەکو هەموو جارێك لەسەر ئاستی ئاڵوگۆڕەکاندا هەڤاڵ مەلا بەختیار بەخوێندنەوەی وردو شێلگیرانەی خۆی لەسەر بنەمایەکی زانستیو بابەتیانە ئامادەیەکی بەرچاوی هەبووە، لەو نێوەندەشدا لەسەر هەمان



بابەتو رووداو، کە تا هەنووکە ئاگرەکەی خامۆش نەبووەو هێشتا رێڕەوی خرۆشانەکان بە دوا مەنزڵی خۆی نەگەیشتووە، پاشان ئەجندای هێزە سیاسیو کۆمەڵایەتیەکان وەکو ئەوەی کە پێویستە لەمەیدانی کردەوەدا، بەرجەستە نەبووەو هەروەها ئەو مۆدێلەی کە هێزە بنەڕەتیەکانی بەشدار لەناو رووداوەکاندا ئالتەرناتیڤی رۆشنیان نیەو گوتارەکان لێڵو تەمو مژاوین، بۆ ئەو مەبەستەو بۆ شەنو کەوی زیاترو خستنەڕووی رەهەندە جیاجیاکانی ئەو ئاڵوگۆڕانەو بەرچاو روونی زیاتری خوێنەران بەگشتیو هەڤاڵانی رێکخستن بەتایبەتی ئەم چاوپێکەوتنەی هەڤاڵ مەلا بەختیار رەنگە باشترین خوێندنەوەی وردو واقیعیانە بێت کە تا ئێستا لە نێوەندی سیاسی کورددا ئەنجام درا بێت، هەربۆیە ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادران بەباشی زانی لەدووتوێی نامیلکەیەکدا چاپو بڵاوی بکاتەوە.

**عادل عەلی**

## هاوكێشەی گۆڕدراو لەناوچەكەدا، دۆستی دوێنێی كرد بەدوژمنی ئەمڕۆو بە پێچەوانەشەوە دوژمنی دوێنێی كرد بە دۆست

سەتەلایتی گەلی كوردستان لەمیانی بەرنامەیەكی تایبەتیدا میوانداریی هەڤاڵ "مەلابەختیار" لێپرسراوی دەستەی كارگێڕیی مەكتەبی سیاسی كرد، كە هاوكات بوو لەگەڵ یەكەمین ساڵیادی ڕاپەڕینو خرۆشانەكانی گەلانی وڵاتانی عەرەبو ئەو گۆڕانكارییو جەمسەربەندییانەی كە لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا لەماوەی ئەو ساڵەداو كاریگەرییان بەسەر عیراقو كوردستانەوە هاتوونەتە ئاراوە، بەتایبەتی لەسەروبەندی كشانەوەی هێزەكانی ئەمریكادا، هەروەك بۆ تیشك خستنەسەر تێڕوانینی یەكێتی بۆ پەیوەندییە كوردستانی، عیراقی، ئیقلیمیو نێودەوڵەتییەكانی چۆنێتیی خۆئامادەكردنی سەركردایەتیی سیاسیی كوردستان بۆ هەر ئاڵوگۆڕو ئەگەرێك كە بێتەئاراوە، كوردستانی نوێ لە ژمارەی (٥٦٥٩ ڕێكەوتی ٢٢-١٢-٢٠١١ و ژمارە ٥٦٦٠ ڕێكەوتی ٢٣-١٢-٢٠١١) لەبەر گرنگیی بابەتەكە بەپێویستی زانی ناوەڕۆكی ئەو بەرنامەیە بڵاوبكاتەوە.



- ١ -

## روداوی چاوەڕوان نەكراو، ڕاپەڕینێكی بێ پێشینە!!

★ نووسەرێك دەڵێت ئەوەی لەجیهانی عەرەبیدا روویدا، شتێكی چاوەڕوان نەكراوبوو، بتەكان كەوتن، ئەو بتانەی كە بەزەبری ئینقیلاب هاتن، بەڵام بەچەپڵە ڕۆیشتن، تەنانەت ئەو نووسەرە دەپرسێت: تۆ بڵێی ئەوەی روویدا خەو نەبێت، دوای ئەم رووداوانە رۆیشتنی بن عەلی، كوشتنی قەزافی، دادگاییكردنی موبارەك، دەستاودەستكردنی دەسەڵات لەیەمەن، ئێستاش دەڵێن، دەبێت بەشاریش بڕوات. ئەم رووداوانە چۆن دەخوێنیتەوە؟

**مەلا بەختیار**: مادام لەكۆتایی ساڵێنو بەرەو ساڵی نوێ دەڕۆین، پێش هەموو شتێك بەهەلی دەزانم پیرۆزبایی لەگەلەكەمان بكەم، بەبۆنەی ساڵی نوێوە، ئومێدەوارین ئەمساڵیش دوور لەهیچ رووداوێكی ناخۆش، جەژنی سەری ساڵ لەكوردستان بگێڕین. لەوەڵامی پرسیارەكەشتدا ئاوا دەست پێدەكەم:

نەتەوەی کورد بەدرێژایی مێژوو ساڵ بەساڵ دۆخی خراپتر بووە، بەتایبەتی لە٢٠٠ بۆ ٢٥٠ ساڵی رابردوو، بۆیە پەندێك هەیە لە کوردەواریدا دەڵێ: (ساڵ بەساڵ خۆزگەم بەپار)، لەبەرئەوەی ئەمساڵی خراپتر بووە لەپاری، پاری زۆر خراپتربووە لەپێرارو ساڵانی پێشوو، بۆیە ئەوە پەندێکە لەناخەوە، بەئازارەوە لەمێژووی نەتەوەیی ئێمەدا دەربڕدراوە، بەڵام پێموابێت ساڵەهایە ئەو پەندە گۆڕراوە، ساڵ بەساڵ باشتر لەپار، ئێستا هەموو ساڵێك باشترین لەپار، باشترین لەسەر ئاستی دونیا، ئاڵوگۆڕ زۆر روودەدا، باشترین لەسەر ئاستی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، مەترسییەکان هەتادێت لەبەردەمماندا کەم دەبنەوە، باشترین لەسەر ئاستی عیراق، کە جارێکیتر ئەو مەترسییەمان نییە کە لەعیراقدا دەستوور بپێچرێتەوە، پێشیلکاریی مافە دیموکراتییەکانمان بکرێت، بەو شێوانەی کە لە٧٠ بۆ ٨٠ ساڵی رابردوو کراوە، باشتریشین لەکوردستان، لەبەرئەوەی کە ساڵ بەساڵ کوردستان لەئاوەدانیو پێشکەوتنو ئازادیدایە، سەرەڕای ئەوە، هێشتا کێشمەکێشو ململانێمان هەیە، رەنگە ئەوەش هەر زادەی ئەو دۆخە دیموکراسییە بێت کە لەکوردستاندا هەیە.



سەبارەت بەو بارودۆخەی کە لەخۆرهەڵاتدا هەیە، قسەو باس لەسەر ئەم بارودۆخە زۆرە، لێکدانەوە زۆرە، بەڵام هێشتا کاتەکە کەمە هەتا بەتەواوەتی لێکبدرێتەوە لەڕووی بابەتییەوە، لەڕووی خۆییەوە، وڵات بەوڵات، کۆمەڵ بەکۆمەڵ، حزب بەحزب، رەوت بەڕوت، لێکبدرێتەوەو ئەنجامەکانی دەربخرێ.

بەبڕوای من خۆرهەڵاتی ناوەڕاست وەکو ئەورووپای خۆرئاوا، پێشینەیەکی نییە لەگۆڕانکارییە مێژووییەکان، گۆڕانکارییەکان لەپەیوەندیی کۆمەڵایەتی، لەبنەمای ئابووریی، لەعەقڵ، لەمەنتق، لەئاینسازیی، لەکۆمەڵێك لەو دەستکەوتە شارستانیو عەقڵانییەی کە بەدرێژایی مێژوو هەبووە، ئەوەی کەبوو بەمامانی لەدایکبوونی وەرچەرخانی گەورە لەمێژووی خۆرئاوادا؛ رونتر بڵێم: کە شۆڕشی دیموکراسی هاتە سەرکار وەکو شۆڕشێکی لەکتوپڕ سەرهەڵدراو نەبوو، پێشینەیەکی هەبوو کە کۆمەڵەکانی ژێروژوو کردبوو، عەقڵەکانی گۆڕی بوو، زهنیەتی خەڵکی گۆڕی بوو، کولتوورێکی تازەی هێنابووە گۆڕێ، پرسیاری تازەو وەڵامی تازەشی لەگەڵ خۆیدا خولقاندبوو، شۆڕشی پیشەسازیو پەیوەندییەکانو هێزەکانی بەرهەمهێنانی گۆڕی، چینی

تازەی هێنایە گۆڕێ، چینی سەرمایەداریی، چینی کرێکاران، بۆرجوای نیشتمانیی، دواتر سەرەنجامی ئەمانە وردەوردە بزوتنەوەیەك پەیدا بوو بەناوی بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی خۆرئاواییی لەو وڵاتاندا کە تێکەڵ بەبازاڕ، تێکەڵ بەیەکگرتنی بازاڕ و زەمانی یەکگرتووی بازاڕو تێکەڵ بە عەقڵانییەتی سەردەم و بە فەلسەفە دانراوەکانی (الفلسفة الوضعیة) ئەوروپا بوو، سەرەنجام هەم سەرمایەداریی بوو بە چینێکی سەربەخۆ، هەم بۆرجوازیی، هەم ناسیۆنالیزم خەملێ، وردە وردە ناسیۆنالیزم بوو بە خاوەن خیتاب و فەلسەفەی خۆی، بووبە خاوەنی یەکاڵابوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، سەنگەرو ئاراستە جیاوازەکان و فەلسەفە جیاوازەکانی کۆمەڵایەتی، بۆیە دەبینین لەسەدەی هەژدەهەمو نۆزدەهەمو بیستەمدا، بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی قوڵ لەنێوان چینەکان، لەنێوان توێژەکان، لەنێوان فەلسەفەکان، لەنێوان ئایدۆلۆژییەتەکاندا هەیە، سەرەنجام ستراتیژی دیموکراسییو فەلسەفەی حکومڕانی دیموکراسی توانی، شایستەیی مێژووی خۆی دەربخاو سەرکەوتن بەدەست بهێنێ، لەناو هەلومەرجێکی ئاوای خۆرئاوادا کە فەلسەفە، کە ئایدۆلۆژییەت، کە سیاسەت، کە



پیشەسازیی، کە رۆشنگەریی، کە ئاینسازیی، کە عەقڵانییەت، کە مەنتق، کە زانست زانیاریی گەردوون ناسیی هەموو ئەمانە تێکەڵاو دەبنو دەبن بەمەنزومەیەکی کامڵ لەخورافیاتەوە، عەقڵ دەبێت بەچەقی بیرکردنەوە، عەقڵ دەبێت بە دادوەر بۆ بیرکردنەوە لەچۆنییەتی رێکخستنەوەی ژیان، بیرکردنەوە لە گەردوون، لەبارودۆخێکی ئاوادا، بێگومان هەم سەرمایەداریی دەتوانێت دەوریی مێژوویی خۆی ببینێ، هەم چینی کرێکار دەچێتە خانەی خۆی و دەتوانێ مافە پیشەییو سەندیکاییەکانی خۆی بەدی بهێنێت، هەم ئازادییەکان بەدی دێن، هەم مەدەنییەت بەدی دێ، هەم مافەکانی ژن وردە وردە بەدی دێ، یەکسانی بەدی دێ، هەم پەرلەمان دەبێت بەپەرلەمان، سیستم دەبێت بەسیستم، دەستوور دەبێت بەدەستوور، لەناو ئەو چوارچێوەیەشدا کە ئەرکە مێژووییەکانی شۆڕشی دیموکراسیی خانە بەخانە ئاراستە بەئاراستەو قۆناغ بەقۆناغ دێتەدی، لەناو ئەو چوارچێوەیەشدا ئاینو مەزهەب دەچێتەوە خانەی سروشتی خۆی، ناتوانێت ببێت بەنەریتو کەلەپوور، ناتوانێت ببێت بەپێوەر بۆ سیاسەتو ئایدۆلۆژییەت بۆ کۆمەڵ، بۆ چین، بۆ

سیستم، بۆ دەستوور، بۆ تاك و خێزان بۆ ئازادییەکان، نابێت بە سەرچاوەی یاسا، سەرچاوەی بیرکردنەوە، بڕیاردان و سەرچاوەی ئەحکامەکان لەسەر هەرچی هەیەو نییە، لەبەرئەوە دەبینین ئەوروپا توانی قۆناغەکان ببڕێت، هەموو چینێك، هەموو فەلسەفەیەك، هەموو دینو مەزهەبێك، تەنانەت لائیك (نادینیی) چووە قاڵبی سروشتی خۆیەوە، بەڵام لە وڵاتی ئێمە روداوەکان بەمجۆرە روویدا؟ ئەو پێشەکییەم بۆ ئەوەبوو ئەمە لێکبدەمەوە، بۆچی ئەمە روودەدات لەناو چەندین وڵات کە سەد ساڵە ئەمانە دەیانەوێت دەوڵەتی ناسیۆنالیستی عەرەبی دابمەزرێنن، سەد ساڵە ئەمانە دەیانەوێت دەوڵەتی دیموکراسی بەناو مۆدێرنە دابمەزرێنن، بۆ ئەمە روویدا؟ لەبەرئەوە روویدا کە لەم وڵاتانە ناسیۆنالیزم بە مانای ناسیۆنالیزم لەدایکبووی پێویستییەکان، قۆناغەکان، پێشکەوتنەکان و ژانە فکری، فەلسەفی، پیشەسازیی، کۆمەڵایەتییەکان لەدایك نەبووە.

که ناسیۆنالیزم لەناو ژانی مێژوویی پێویستیەکان لەدایك نەبێت، مانای ئەوەیە بنەمای ئابووریی لاوازە، مانای وایە چینەکان نەخەملیون لەم وڵاتە، فەلسەفەو هەموو پێکهاتەکانی ئەم وڵاتە هێشتا بەکاڵوکرچی



ماوەتەوە، ئەوەی کە لەوڵاتانی عەرەبی لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی پێی دەڵێن پیشەسازیی و سەرمایەداریی و ناسیۆنالیزم، لەژێر کاریگەریی هاتنی کۆڵێنیالیزم دروستبووە، بازاڕی کۆڵێنیالیزم هاتووە، سەرمایەگوزاریی کۆڵێنیالیزم هاتووە، کارگەکانی کۆڵێنیالیزم هاتووە بۆلای ئێمە، کۆڵێنیالیزم واتا: ئیستیعمار بە مانا کلاسیکییەکەی، بەمانا دواکەوتووەکەی هاتووە بۆ وڵاتەکان، هاتوون مۆنۆپۆلیان کردووین، پاوانیان کردووین، دەستی هەرزانیان بە هەرزانتر بردووین، کەرەستەی خاویان دزیوین، تەنانەت کارگەکانیشیان بەستوونەتەوە بەخۆیانەوە، کارگە ئاساییەکانی نەوت، ژێرخان، سکەی قیتار، هەموو شتێکی ئێمەیان بەستووە بەخۆیانەوە، لەئەنجامدا دەستەبەری بەرژەوەندییە ئابورییەکانی خۆیانیان کردووەو رێگربوون لەوەی کە گەشەسەندنێکی سروشتی لەکۆمەڵی ئێمەدا رووبدات، بەڵام بەتێپەڕبوونی زەمەن، بەرژەوەندیی سەرمایەداریی، بەرژەوەندیی دەوڵەتانی ئیستیعماریی، بەرژەوەندی دەوڵەتانی خۆرئاوا، سەرەڕای ئەوەی جێگۆڕکێ بووە، بریتانیا رۆیشتووەو فەرەنسا هاتووە، فەرەنسا رۆیشتووەو ئەمریکا هاتووە، ئەمریکا

رۆشتووەو سۆڤییەت بەجۆرێك لەجۆرەكان كاریگەریی هەبووە، ئەم بازارە راستە ئاڵوگۆڕی بەخۆوە دیووە، بەڵام هاوئاهەنگییەك لەنێوان چۆنییەتی پاراستنی سیستەمو بەرژەوەندییەكانی سەرمایەداریی و ئەمجۆرە سیستمەی لەوڵاتانی ئێمە هەیەو ئەمجۆرە چینە شەتەكدراوە بەسیستمی سەرمایەداریی بەناوی ناسیۆنالیزمو مۆدێرنێتەو بەناوی عەقڵی تازەوە، جۆرێك لەكارلێك لەنێوانیاندا دروستبووە، كە تەواوكەری یەكتربوون لەپەنجاكانەوە كە بزووتنەوەكانی رزگاریخوازیی نیشتمانی سەریهەڵدا، لەمیسر شۆڕشی تەمموزی ئەوێ سەركەوت، شۆڕشی ١٤ی تەمموزی عیراق سەركەوت، ئاڵوگۆڕ لەتونسو سوریاو جەزائیر روویاندا، ئەمانیش هاتن لەسەر بنەمایەكی لاوازی ئابووریی، لەسەر بزووتنەوەیەكی لاوازی نەتەوەیی، ئەو چینە لاوازانەی كە بەناوی سەرمایەداریی هەن بەبێ ئەوەی چینێكی سەرمایەداریی خاوەن بنەماو ژێرخانی ئابوری بنو سەربەخۆبن لەبڕیاردانو بازاڕو یەكخستنی بازاڕو دروستكردنی سیستم، ئەمانە دروستبوون، بەڵام لەدواجاردا بەرژەوەندییان وابوو درێژە بەبارودۆخەكە بدەن، درێژە بەو حاڵەتە بدەن كە دەسەڵاتیان كەوتۆتە



دەست، سەرەنجام هەر چوونە ناو بازنەیەكی بەرژەوەندیی هاوبەشو كارلێكێكی بەرژەوەندیی هاوبەش لەگەڵ ئەو جیهانەی كە هەبوو، بەكودەتاش درێژەیان پێدا بۆئەوەی بارودۆخەكان چارەسەربكەن، چەندین كودەتا كراوە لەسوریا قەیرانەكەی چارەسەر نەكرد، چەندین كودەتا كراوە لەعیراق قەیرانەكەی چارەسەر نەكرد، چەند ئاڵوگۆڕكراوە لەوڵاتانیتر قەیرانەكانی چارەسەر نەكرد، ئەمە وردە وردە پەنگی خواردەوە، بزووتنەوەیەكی ناسیۆنالیستی لاواز، دەوڵەتێكی ناسیۆنالیستی بێ دیموكراسی، بزوتنەوەیەكی دیموكراسی بەبێ بنەمای ئابووریی بەهێز، هەموو ئەمانە كۆبكەیتەوە لەئەنجامدا وادەبێت كە هێزە ئیسلامییەكانی وڵاتانی ئێمە، وەكو هێزە مەسیحییەكانو هێزە ئاینییەكانی وڵاتانی خۆرئاوا، نەچوونە خانەی مێژوویی خۆیانەوە، ئەوانە لەناو خانەی عەقڵدا مانەوە، لەناو خانەی خێزانو تێكەڵو پێكەڵی چینەكاندا مانەوە، لەناو خانەی هەموو كۆمەڵدا مانەوە، ئەوانەو ئەحكامی ئەوان حكومی دەكرد لەسەر عەقڵ، لەسەر كۆمەڵ، لەسەر نەتەوەو سیستمو دەستوور، ئەم تێكەڵو پێكەڵییە، ئەم ناسروشتی دروستبوونەی ئەم دەوڵەتانە، ئەم بزوتنەوە

ناسیۆنالیستو ئەم پێکهاتە چینایەتییانەی لەوڵاتی ئێمەدا هەیە، لەئەنجامدا فەزایەکی دروستکرد کە هێزە ئیسلامگەراکان بەئاراستەی جیاوازیانەوە بتوانن سوودێکی زۆری لێوەربگرن، بەداخێکی زۆرەوە لەبەرامبەردا بزووتنەوەی دیموکراسی لاوازبوو، بزووتنەوەی چەپ زۆر زۆر لاوازە، واتە: چەپ لەپەراوێزی پەراوێزدایە ئێستا، بێگومان کە ڕووداوێکی ئاوا ڕوودەدات، چ چینێك ئێستا سەرکردەی ئەم بزوتنەوانەیە.؟ هیچ چینێك دیارنییە، چ ئایدۆلۆژییایەکی دیموکراسی هاوچەرخ دەتوانێت ڕۆڵ ببینێت؟ هیچ. کام لا دەتوانێت ڕۆڵ ببینێت.؟ ئیسلام، ئیسلام شوناسی یەك چین نییە، بەڵکو ئیسلام شوناسی سەراپایی هەیە، ئیسلام شمولییەتی هەیە، بۆ ئیسلام دەتوانێت مۆری خۆی لەم بزووتنەوانە بدات؟ لەبەرئەوەی چینە جیاجیاکانی ئەم بزووتنەوانە خۆیان ساغنەبوونەتەوە. باسی کۆمەڵایەتیو فەلسەفەشیان یەکالانەبۆتەوە.



- ٢ -

## شکستی دیموکراتخوازەکان

کەواتە: دەرکەوتنی هێزە ئیسلامییەکان لەم وڵاتانەدا لەڕێی شەرعییەتێکەوەیە، کە پێی دەوترێ شەرعییەتی هەڵبژاردن، ئەمە ناگەڕێتەوە بۆئەوەی کە ئەو پرۆژەیەی بەناو عەلمانییەت بوو، پرۆژەی دیموکراسی بوو، پرۆژەی ڕۆشنفکرانی ئەو وڵاتانەبوو شکستی هێناوە، کەواتە سەردەمی ئیسلامبوونی دەوڵەتداریی ئەم وڵاتانە لەئایندەدا دەبینرێت؟

**مەلا بەختیار:** من خۆشبەختم لەوەی ئەو قسانەی کە کردم، ئەو هەژمونگەریەی ئیسلامییەکان لەسەر کۆی کۆمەڵ هەیانە، لەسەر زۆرینەی عەقڵەکان لەهەڵبژاردندا هەیانە، خۆشبەختم لەوەی کە ئەم ڕووداوانە کەوتە سەردەمی جیهانگیریی، چونکە ئەگەر نەکەوتایەتە سەردەمی جیهانگیرییەوە، هەرگیز ئەو پرۆسە دیموکراسییەمان نەدەبینی کە لەتونسو مەغریبو میسردا دەیبینی. ئێستا شتێکیان نەدەهێشت بەناوی دیموکراسییەوە، ئێستا ناتوانن سەرەڕای ئەوەی ئەوان لەهەڵبژاردندا زۆرینە دەهێنن، جگە لەبنچینەی

دیموكراسی شتێكیتر قبووڵ بكەن. پێیان ناكرێت لەبەرئەوەی پێیان ناكرێت ملیان كەچكردووە لەئاستی پێویستییەكانی چۆنییەتی گونجان لەگەڵ ئەم سەردەمەدا، لەبەر ئەم راستیە قبوڵكردنی دیموكراسی، بەمانای ئەوە نییە ئەم هێزانە هێزی دیموكراسین، بەڵكو بەو مانایەیە كە دیموكراسی بووە بەراستییەكو حوكمێكی مێژوویی سەركەوتوو كە قابیلی ئەوە نییە، دەستكاریی بكرێت. تەنانەت بە هێزە ئیسلامگەراكانیش. راستە لەوڵاتانی ئێمەو خۆرهەڵاتدا لەسەر دەستی حكومەتە ستەمكارەكاندا بەرواڵەت شكستی هێنا، بەڵام رەونەقی دیموكراسیو سەركەوتن و شەپۆلەكانی دیموكراسی لەجیهاندا، قابیلی ئەوە نییە لەم سەردەمەدا وەكو چلەكانو پەنجاكان، وەكو سەردەمی ١٩٢٧و ١٩٢٨ی دامەزراندنی ئیخوان موسلمین مامەڵە لەگەڵ دیموكراسی بكرێ، هیچ هێزێك ناتوانێت ئەو مامەڵەیە لەگەڵ دیموكراسی بكات. هەرچەندە لەناخی خۆیاندا ئەگەر هەلی ئایندە بێتە پێشەوە، ئەوانە چەند بتوانن لەپرۆسە دیموكراسییەكە كەم دەكەنەوە، لەپەروەردە دیموكراسییەكەو لەبنەما دیموكراسییەكانو لەئاراستە دیموكراسییەكە كەمدەكەنەوە، بەڵام هێشتا ناتوانن وەكو سەدەی



بیستەمو سەرەتای سەدەی بیستەم مامەڵە لەگەڵ دیموكراسیدا بكەن. چونكە دیموكراسی ئێستا، لەناو سەرەتای رەهەندە جیهانیەكاندایەو هەتا دێت بەرەو قوڵتربونیش دەچێتەپێشەوە.

* لەیەكێك لەوتارەكانتدا ئاماژەت بەوەداوە كە بۆ خولێك ئاساییە ئەگەر هێزە ئیسلامییەكان لەهەڵبژاردندا بیبەنەوە زۆر باشترە لەحاكمێتی دیكتاتۆرەكان، ئەمە گۆڕان نییە لەبیروبۆچوونی بەڕێز مەلا بەختیاردا؟

**مەلا بەختیار:** نەخێر، ئەوە ئەنجامێكی لۆژیكی و بابەتی ئەم رووداوانەیە، كە هاتوونەتە پێشەوە، كە رووداو دێتە پێشەوە، دەبێت بیخوێنیتەوە. ئەم گۆڕانكارییانە، ئەم رووداوو خرۆشانانەی كە لەوڵاتانی عەرەبییدا روویداوە، نەئێمە دروستمان كردووە، نەئێمەش دەتوانین رێی لێبگرین، بەڵام كە دروستبووە دەبێت لێكدانەوەمان هەبێت بۆی، لێكدانەوە چییە؟ من دەڵێم: بۆ خولێك یان بۆ دووخولو سێ خولیش بۆ خاتری تۆ، بۆ سێ خولیش ئەگەر هێزێك بیباتەوە بەدڵمان نییە، بەڵام دیموكراسی هەبێت، خول لەدوای خول دەستەبەری هەڵبژاردن بكرێت بەدەستوورو

پەرلەمانو راپرسیی گشتیی دەستەبەری دیموکراسی بکرێت، کە هەر ٤ ساڵ جارێك هەڵبژاردن بکرێت، کێ دەیباتەوە با بیباتەوە، بەڵام ئەگەر هەڵبژاردن نەکرێت ئەگەر ئەم رووداوانە روویاننەدایە، ئەوا لەساڵی ١٩٥٣ەوە تائێستا لەمیسر کێ حکوم دەکات؟ لەناوەڕاستی شەستەکانەوە تائێستا لەسوریا کێ حکوم دەکات؟ ٣٥ ساڵ لەعیراقدا کێ حکومی کرد؟ لەسەردەمی بورقێبەوە تائێستا لەتونس کێ حکوم دەکات؟ لەمەغریبدا ئەوا زیاتر لە ١٢٠ ساڵە کێ حکوم دەکات؟ ئەم سیستمە شمولییانە بەناوی دیموکراسیو بەناوی دەوڵەتی نەتەوەییو مۆدێرنەوە، جارجار بەشەرمەوە باسی عەلمانییەتیان دەکرد، ئەمانە بمێنن باشە، یان لەقۆناغێك لە قۆناغەکاندا گەرچی دۆستە ستراتیژییەکانمان لەدیموکراسی نەیبنەوە، با ئەمانە بیبەنەوە، بەڵام بردنەوەی ئەمان کاتی بێت، هاوکات دەرگاکان، پەنجەرەکان، کلاورۆژنەکان، عەقڵەکان، هۆشەکان، ململانێکان، کێبڕکێکان بکاتەوە، دەستپێشخەریەکانی جەماوەریی بکاتەوە، بزووتنەوەی سەندیکایی بچێتە پێشەوە، کامەیان باشە ئەگەرچی بەکاتی هێزە دیموکراتەکان لەبەرئەوەی لاوازنو نایبەنەوە، با ئیسلامگەراکان بیبەنەوە لەم



گۆڕانکارییەدا، بەڵام ئەم گۆڕانکارییە دەسپێرین بەگۆڕانکارییتر.

**- ٣ -**

## قۆناغی وەرچەرخان

★ بەڵام کاك بەختیار بۆچونێك هەیە دەنووسرێت ئەمەی کە روویداو پێی دەوترا بەهاریی عەرەبی، بەهاری ئیسلامییەکانەو پایزی دیموکراسییە، چونکە ئەم هێزانە لەناوەڕۆکدا باوەڕیان بەشتێك نییە پێی بوترێ دیموکراسی، باوەڕیان بەفرەیی نییە، باوەڕیان بەکۆمەڵێك دروشمی گەورە نییە کە لەژێر تایتڵی دیموکراسیدا کۆدەبنەوە؟

**مەلا بەختیار**: من پێموایە لەمەودوا خەباتی دیموکراتخوازەکان، چەپەکان، ئازادیخوازەکان، مەدەنیخوازەکانو عەلمانیخوازەکان، بەشێوەیەکی بابەتی لەبەرامبەر هێزە نادیموکراتەکان، هێزە دژە عەلمانییەکان، هێزە دژە مۆدێرنەکان دەستپێدەکات، تائێستا لەڕووی بابەتییەوە ئەو ململانێیە لە نێوان هێزە دیموکراتییەکاندا ریزبەندییو سەنگەر بەندیی

نەکرابوو، ساغ نەکرابۆوە کە کامانەن هێزە دیموکراتەکان، کامەن هێزە عەلمانییەکان، کامانەن هێزە مەدەنیخوازەکانو کامانەشن دژەکانیان، لەمەودوا ململانێکە رەهەندی جیاواز بەخۆیەوە دەگرێت، بەرەو قۆناغی وەرچەخان دەڕوات.. لەمەوپێش تێکەڵو پێکەڵ بوبوو. رەهەندی جیاوازی بەخۆیەوە نەگرتبوو، جەنابت دەڵێی هێزە ئیسلامییەکان بەدیموکراسی بردیانەوە، مادام دیموکراسی هەیەو هەتا دیموکراسی هەبێت ناتوانرێ حەق لەهێزە ئیسلامییەکان وەربگیرێت، ناتوانرێ مافی هاتنە ناو هەڵبژاردنیان لێوەربگیرێ، بەئارەزوو نییە، ئەمە بنەماکانی دیموکراسییە، بەڵام ئەگەر ئەوان هاتنە سەر حوکم راستە ئەو مەترسییە هەیە، منیش ئەو مەترسییەم زۆرە، دوای ئەوەی بچەسپێت کە هەڵبژاردنەکە دیموکراسی دەبێت دوای ئەوە ئەگەر ئەوان ویستیان دیموکراسی بپێچنەوە، کە ئێستا هەندێك لەخیتابی بزووتنەوەی نەهزەی تونسی، هەندێك لەخیتابی ئیسلامگەراکانی مەغریب، سەلەفییەکانی میسر، هەتاڕادەیەکیش ئیخوان موسلیمینەکان توندڕەوییان پێوەدیارەو ناچنە ناو مەجلیسی تەئسیسیو مەرج دەسەپێنن، دەیانەوێت بەزۆرینەی پەرلەمانی دەستوور



دابنێن، کە دەستوور تەوافقێکە دەبێت هەموو هێزە سیاسییەکان، هەموو کۆمەڵ، هەموو رێکخراوەکان، هەموو تواناکان لەداڕشتنیدا بەشدارییبکەن، دوایش لەڕاپرسیدا زۆرینەی میللەت قبوڵی بکات، ئێستا ئەم مەرج سەپاندنە ئەو لێدوانانەی کە دەدرێت لەلایەن سەلەفییەکانەوە. سەرەتای مەترسییەکانە.

هەندێك لەئیسلامییەکان نەجیب مەحفوز قەدەغە دەکەن، هونەر قەدەغە دەکەن، یەکێك دەڵێت: حیجابی ئاشکرا دەسەپێنم، ئەویتر دەڵێت حیجابی روحی دەسەپێنم، ئەم قسانە دەرکەوت کە مەترسییەکانی چەندساڵ لەمەوبەرمان ئەگەر لەبیرتان بێت دەمانوت هێزە ئیسلامییەکان ئەوەندە دیموکراسین تاحکوم دەگرنە دەست، کە هاتنە سەرحکوم مەترسییەکی گەورە پەیدادەکەن لەسەر دیموکراسیی، ئەگەر حاڵەکە وابەرن دوای سەرکەوتنی قۆناغی یەکەمیان لەهەڵبژاردن کە ئیتر دیموکراسیو مافە مەدەنییەکان بپێچنەوە، شاکارە جوانەکانی نەجیب مەحفوز لەبەرئەوەی کە بەراستی باسی کۆمەڵگەی میسری کردووە، تەنانەت بەشێوازێك کە ئیسلامییەکانیش قبوڵی ناکەن، ئەگەر بێن ئەمانە بپێچنەوە ئەمە ترسناکە، بەتێڕوانینی من ئەگەر وابکەن تەمەنی

سیاســی خۆیــان کــورت دەکەنــەوە. تــازە خــەڵك ناگەڕێتەوە چوارگۆشەی یەکەم.

**-٤-**

## دەستوری براوە هەڵەیە !

* ئەمە گرێی پرسیارەکەیە، دەنووسرێتو خۆشت دەزانیت کە دیموکراسی تەنها هەڵبژاردن نییە، ئەمان لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە زۆرینەی دەنگەکان بەدەستدەهێنن، دوایی خۆیان دەستوور دادەڕێژنو خۆیان دەبنە پارێزەری ئەوەی پێی دەوترێ شەرعییەتی شۆڕش، مەترسی هەیە ئەم وڵاتانە بەرەو وڵاتێکی ئیسلامیی بەرن؟

**مەلا بەختیار**: لەتونسو مەغریب ئەوان زۆرینەی پەرلەمان نین، لەتونس بزووتنەوەی نەهزە ٩٠ کورسی هێناوە، لە ٢٢٥ کورسی هێزە دیموکراتو چەپو عەلمانییەکان کە ئیئتیلاف نەبوو لەنێوانیاندا، لەمەغریب ٣١٥ کورسییە، هێزە ئیسلامییەکە ١٠٧ کورسی بردووە، ئەمە مانای ئەوە نییە کە زۆرینەی



پەرلەمانە، ئەو مەترسییە نییە، ئەو مەترسییە ئێستا لەمیسر پەیدابووە لە ٧ پارێزگا قۆناغی یەکەمی هەڵبژاردن ئەوان ٪٦٠ زیاتریان بردووە بەقاهیرەشەوە، بەڵام جارێ دوو قۆناغی ماوە، دەبێت چاوەڕێ بکەین بزانین چی لێدێت لەنێوان هێزەکاندا، ئەگەر ئەوان بیانەوێ ئیسیغلالی پەرلەمان بکەن بەهۆی زۆرینەی خۆیانەوە، بۆ سەپاندنی دەستوورێکی ئیسلامی، گەورەترین هەڵەی ستراتیژی دەکەن، گەورەترین هەڵدێری ستراتیژی لەوبارەیەوە چاوەڕێیان دەکات، چونکە مەحاڵە دەستووری سەپێنراو بەناوی ئیسلامی بچێتە سەر بۆیانو لەم سەردەمەدا ناتوانن پڕۆژەیەکی پێچەوانەی ئەم سەردەمە سەربخەنو بتوانن کێشە بنەڕەتییەکانی خەڵك چارەسەر بکەن. کێشە بنەڕەتییەکانی خەڵك بەمافی دیموکراسی، بەمافی سیاسیی، سەندیکایی، بازاڕی ئازاد، بەمافی تاكو بەمافی مەدەنی چارەسەردەکرێت، بەسەپاندنی بیری شمولیو بیری سەلەفیو بیری سەرکوتکردنی دیموکراسی هەرگیزاو هەرگیز ئەو پڕۆژەیە لەسەردەمی جیهانگیریدا بۆیان ناچێتەسەر، ئەگەر بەکاتیش بچێتەسەر، سەریان دەخوات.

- ٥ -

## جیاوازییەكانی توركیاو دەوڵەتانی عەرەبی

★بۆچوونێك هەیە دەڵێت: ئەم هێزە ئیسلامییانەی كە لەم وڵاتانە سەریانهەڵداوەو لەڕێی شەرعییەتی هەڵبژاردنەوە كورسییەكانی پەرلەمانو مەجلیسی شەعب بەدەستدەهێنن، دەیانەوێ لاسایی مۆدێلی توركی بكەنەوە، بەڵام ئەو مۆدێلی ئیسلامییەی كە لەتوركیا حوكم دەكات زۆر جیاواز نییە لەو مۆدێلە ئیسلامییەی كە لەوڵاتانی عەرەبی دەیانەوێ جڵەوی حوكمڕانی وەرگرن؟

**مەلا بەختیار**: ئەمە بەراوردێكی میكانیكی چەواشەكارانەیە، هەندێك لەهێزە ئیسلامگەراكان لەوڵاتانی عەرەبیو لای خۆشمان دەڵێن ئەگەر سەركەوین ئێمە نموونەی توركیا بەكاردەهێنین، هەموویان راست ناكەن، ناشتوانن وابكەن، چونكە توركیا لەدوای جەنگی یەكەمی جیهانییەوە بناغەی سیستمێكی عەلمانی داناوە، ئازادییش لەتوركیا تاهاتووە ئازادیی تاكو ئازادیی رۆژنامەو ئازادیی بەیانو ئازادی



كۆمەڵ تاهاتووە لەپێشكەوتندایە، توركیا لەژێر كاریگەریی ئەوروپاو خۆرئاوادایە، توركیا ستراتیژییەكەی چوونە ناو یەكێتیی ئەوروپایە، ستراتیژییەكەی ئەوە نییە سیستمێكی خەلافەت لەنێوان چەندین دەوڵەتی ئیسلامی دروست بكات. توركیا دەستووری هەمیشەیی هەیە، حزبی عەدالەت لەتوركیا كە دەیباتەوە ناتوانێت دەستكاریی بنچینەكانی دەستوورەكە بكات، ئەمە چەندینجارە لەهەڵبژاردن دەیباتەوەو دەیەوێت چەند بڕگەیەك لەدەستوور بگۆڕێت، ئاسان نییە بۆی بگۆڕدرێت، لەبەرئەوە ئەو بەراوردە میكانیكییە بەراوردێكی یەكجار هەڵەیە، حزبی عەدالەت بەچی دەیباتەوە؟ ستراتیژییەكەی ئەوەیە دەستوورەكەی پاراستووە، بنەماكانی وەكو خۆی هێشتۆتەوە، ئازادییەكانی دەستكاریی نەكردووە، خۆ وەكو ئەوانەی لای ئێمە نین تەیارێكی سەلەفی دروستبووە لەزاخۆ تا گەرمیان یەكەمین هەلی دەكەوێتە دەست، دەچێت دوكانەكان دەسوتێنێتو دەچێت ئەو شوێنانە دەسوتێنێ كە مەی فرۆشییەكە هی كەسێكی ئێزدییە یان هی مەسیحییە، هی مسوڵمانە یان هی هەركەسێكە، لەتوركیا وا بۆ ١٠ ساڵ دەچێت ئەمانە حكومڕانن، یەك دوكانی مەی

فرۆشیان دانەخستووە، ئەگەر لاسایی دەکەنەوە با ئاوا لاسایی بکەنەوە، ناتوانن ئاوەها لاسایی بکەنەوە، ئەم بنەمایە لەم وڵاتانەی ئێمەدا نییە، لەمیسرو تونسو مەغریب نییە، لەبەرئەوە بەبۆچوونی من ئەمە دروشمێکە یان پەیمانێکە ئەم هێزە ئیسلامییانە دەیدەن بەناوی ئەوەی کە ئێمەش وەکو تورکیا ئەزمون دووبارە دەکەینەوە، بەڵام لەیەکەمین هەلدا کە بۆیان هەڵدەکەوێ پێچەوانەی سیاسەتی حزبی دادو گەشەپێدانی تورکیا سیاسەتی خۆیان دەسەپێنن، من پێموایە تا ٢٥ ساڵیتریش ئەوان ناتوانن نموونەی وەکو تورکیا پێشکەش بکەن.

- ٦ -

## تورکیاو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست

★داود ئۆغلۆ لەکتێبە بەناوبانگەکەیدا بەناوی (قوڵایی ستراتیژیی) باسی ئەوە دەکات لەپێشتردا دەستەبژێری سیاسیی تورک بەردەوام وا روانیویەتییە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستو وڵاتانی عەرەبی کە شوێنی دواکەوتنن، گۆڕەپانێکی سەربازیی و مەترسیدارنو نابێت نزیک بینەوە لێیان، بەڵام ئێستا تورکیا



بەهەموو شێوەیەك دەیەوێت بەشداربێت لەو گۆڕانکارییانەی کە لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستو جیهانی ئیسلامیدان، ئەم رۆڵەی تورکیا بۆ ئێستا دەیبینێت؟

**مەلا بەختیار:** هاوکێشەیەکی چارەنووساز لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە، هاوکێشەکە لەنێوان خۆرئاواو روسیاو چین و ئەوانەدایە کە لەدەوری ئەوانن، بێگومان لەخۆرهەڵاتیشدا سوریا، کۆماری ئیسلامی ئێران، حیزبوڵڵا، بەشێکی بەرچاوی شیعەکانی عیراق، شیعەکانیتر لەناوچەکە لەیەمەنو بەحرێن، ئەمانە خۆیان لەجەمسەرێکدا دەدۆزنەوە کە هەست بەمەترسییەکی گەورە دەکەن لەو گۆڕانکارییەی کە لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا خەریکە بەدیدێت، ئەم مەترسییانە کە دێتە پێشەوە، تۆ بزانە تورکیا کە دێتە سەرئەوەی بەرژەوەندییە ستراتیژییەکان بەریەکدەکەون، سیاسەتی خۆرئاوایی هەیە، لەبەرئەوەی بەرژەوەندیی تورکیا لەخۆرهەڵاتو دەریای سپی ناوەڕاستدا، لەدەریای سووردا، لەهەموو کەناڵەکانی بازرگانیی لەتەنگەی هورمزەوە بۆ کەناڵی سوێس بۆ مەرمەرە بەرژەوەندیی تورکیا لەو بازارە ئازادو ستراتیژییە ئابوورییەدایە کە خۆرئاوا

گرتووێتییەبەر، ئەگەر دەوڵەتی تورکیا بەهۆی حزبی دادو گەشەپێدانەوە ستراتیژی ئیسلامیی، بەچاوپۆشی لەمەسەلەی مەزهەبی ئیسلام بیەوێت سەربخرێت لەسەر خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، پێویست بوو ئێستا تورکیا ئەو کارە نەکات کە ئێستا پشتیوانی گۆڕانکاریی کردووە لەسوریا، بەڵام لەبەرئەوەی لەعیراقدا هەندێك هێز هەیە مەسەلەی مەزهەبیو مەسەلەی قەناعەتی ئایدۆلۆژی خۆیانیان بەلاوە گرنگە، دەبینین گەورەترین ناکۆکی لەنێوان دەوڵەتی عیراقو دەوڵەتی سوریا هەبوو لە ٧ ساڵی رابردوودا، کە دێتە سەرئەوەی بەرژەوەندییە ستراتیژییەکە لەناوچەکە دەکەوێتە مەترسییەوە، مەوقیعییەتی مەزهەبی هەندێك هێزی هەزهەبی لەعیراقدا دەکەوێتە مەترسییەوە، دەبینین ئێستا دۆستایەتییەکی بەهێز لەنێوان حکومەتی سوریاو چەند حزبێکی شیعەی عیراقدا هەیە، بەپێچەوانەوە هەندێك هێزی عیراقی هەبوون جاران دۆستی سووریا بوونو بەناوی سوننە کە ئێستا دەبینن مەترسییەك هەیە ئەگەر بەشار سەربکەوێت، هاوپەیمانییەکی سیاسیی تر سەردەکەوێت، کە ئەو هاوپەیمانییە سیاسییە لەڕووی مەزهەبییەوە لەزیانی ئەوانە، لەزیانی قولایی ستراتیژیی نەتەوەییەکانی



عەرەبی سوننەو سوننەکانی نەتەوەیی عەرەبییە، دەبینین ئێستا ئەو هێزە سوننانەو ئەو هێزە ناسیۆنالیستانە بەجۆرێك لەجۆرەکان دووردەکەونەوە لەسوریا، سەیرکە چی لێهاتووە هاوکێشەکە؟ بەرژەوەندییە ستراتیژییەکەو هاوکێشەکە چی لێهاتو چۆن ئاڵوگۆڕی بەهێزەکان کرد، دۆستی دوێنیی کرد بەدوژمنی ئەمڕۆ، دوژمنی دوێنێشی کرد بەدۆستی ئەمڕۆ.

- ٧ -

## ئایا ئێران شەڕ لەسەر سوریا دەکات؟

* بۆچوونێك هەیە کە دەڵێت چ ئەو سیستمەی کە لەسوریا حوکمڕانەو چ بەشار ئەسەد-یش بەئاسانی ناڕۆن، ئێران تا دواتنۆك بەرگریی لەسوریا دەکات، ئەگەرەکانی بەردەمی سوریا لەم گۆڕانکارییانەدا چین؟

**مەلا بەختیار**: ئەگەر سوریا بەراوردبکەین لەگەڵ تونسو مەغریبو لیبیا کە گۆڕدران، بێگومان سوریا دەوڵەتێکی بەهێزترە لەوان، پێگەی ستراتیژیی

سوریاش زۆر گرنگترە لەپێگەی ستراتیژیی تونسو مەغریب لەگەڵ یەمەن، مەگەر میسر هاوتای سوریا بێت لەڕووی جیۆپۆلەتیکەوە (پێگەی جوگرافیی سیاسیی) مەگەر میسرو سوریا لەخۆرهەڵاتدا هاوتای یەکتری بن، سوریا لەعیراقیش پجوگرافیەکەی بەهێزترە، دەتوانم بڵێم لەتورکیاش بۆ دەریای سپی ناوەڕاستو دەریای سوورو پەیوەستی ئەم دەریایانە بەتەواوی جیهانەوە، کاریگەری بازرگانیی بەهێزترە، یەکەمین ڕێککەوتننامەی ستراتیژیی نێودەوڵەتی لەمێژوودا لەسەردەمی (رعمسیس)ی فیرعەونییەکان لەگەڵ پاشای حیسیەکان (سەرزەمینی ئەوسا سوریا) لەنێوان میسرو سوریادا کراوە، ئەمەش لە هەزارەی سێهەمی پێش زایین لەبەر پێگەی گرنگی سوریاو میسر لەنێوان ئەم دوو دەوڵەتەدا کراوە، لەسەردەمی فیرعەونییەکانو فینیقییەکانو ڕۆمانییەکاندا، جا بۆیە ئەم وڵاتە ئێستا بگۆڕدرێت، هاوکێشەی سیاسیی ناوچەکەش دەگۆڕێت، نەگۆڕێت بەبێ گومان جەمسەری ناکۆکییەکانی سیاسیی خۆرئاوا، ناوچەکە بەرەو مەترسییەکی گەورە دەبات لەهەموو حاڵەتێکدا، واتا؛ سوریا بووە بەچەقی ساغکردنەوەی ناکۆکیی جەمسەرەکانی ئەم ناوچەیە، بێگومان خۆرئاوا



لەڕێگەی سوریاوە، ئەگەر سوریا بگۆڕدرێت ئەو مەترسییەی خۆرئاوا لەبەرچاوی گرتووە سەبارەت بەئێرانو حزبوڵڵای لوبنان لەناوچەکەو تاڕاددەیەکیش حەماسو باقیی بزاوتە ئیسلامییەکانی ناوچەکە، ئەو مەترسییانە کەمدەکاتەوە، دەمێنێتەوە سەرئەوەی ئایا ئەگەر بەشار نزیککەوتەوە لەڕۆخی ڕووخان، ئێران بەشداریی دەکات بۆئەوەی بەشار نەڕووخێت، یان دەستێوەردانی سەربازی دەکات لەوبارەیەوە، لەڕاستیدا حکومدان لەسەر ئەمە زۆر ئاسان نییە، بەڵام من لەلای خۆمەوە دەپرسم: ئەگەر ئێران دەستوەربدات لەو مەسەلەیە بۆ دەهێڵێت بەشار لەڕووخان نزیک بکەوێتەوە ئینجا دەستێوەردانی تێدابکات؟ ئەی بۆ تائێستا کە بەهێزە لەڕووی سەربازییەوە دەستی تێوەرنادات؟ ئەگەر دەستێوەردانە، ئێستا دەستێوەردانی سەربازیی کارێکی ئاسان نییە لەخۆرهەڵاتدا. چونکە خۆرهەڵات بۆتە چەقی سیاسەتی نێودەوڵەتی.

* بۆچونێکیش هەیە دەڵێت سوریا گۆڕەپانی ساغکردنەوەی ململانێو بەرکەوتنی ئێرانو تورکیاو سعودیەیە؟

**مەلا بەختیار**: راستە، ئێستا سەرچاوەی هێزە سوننیەکانو دەوڵەتە سوننییەکانی ناوچەکە عەرەبستانی سعودییە، سەرچاوەی هێزە شیعەکانو دەوڵەتە شیعییەکان کۆماری ئیسلامی ئێرانە، ئەوەی دەیەوێت لەناوەڕاستی ئەواندا تەوافوقێك لەنێوان دەوڵەتە سوننییەکانو خۆرئاواو ناوچەکەدا دروست بکات تورکیایە، ئەم هاوکێشانە زانراوەو ئێستا بووە بە مەسەلەیەکی سیاسیی لەناوچەکەداو هەمووشمان کەوتووینەتە ناو ئەو هاوکێشەیەوە، لەبەرئەوە ململانێو گرەوکردن لەسەر سوریا، لەبەر پێگەی گرنگی سوریایە، لەبەرئەوەیە گۆڕینی سوریا، هەموو هاوکێشەکانی ناوچەکە دەگۆڕێت بەتورکیاو عیراقو ئێرانو لوبنانو فەلەستینو ئیسرائیل-یشەوە، ئەو راستیەیە هەموویان خەریکی سوریان، سەرنج بدە بۆچی جامیعەی عەرەبی لەدامەزراندنیانەوە تائێستا هێندەی ئێستا رادیکاڵ نەبون، کەچی بەرامبەر بەسوریا، رادیکاڵن، ئەو بڕیارەی جامیعەی عەرەبی



بەرامبەر بەسوریا داویەتی، لەمێژووی خۆیدا بڕیاری وای نەداوە، لەبەرئەوەی دەوڵەتانی کەنداو هەموویان لەپشتی بڕیاری لەو جۆرەوەن، دەوڵەتانی کەنداویش بڕیاری وایان پەسەند نەدەکرد، ئەگەر نەیانزانیایە خۆرئاواو ئەمریکا بڕیاری وایان قبوڵە، واتە: شتەکان بەیەکترەوە بەستراون، تورکیاش رووکارێکی گەورەیە، تورکیا بیر لەبەرژەوەندیی ستراتیژی خۆی دەکاتەوە پێش ئەوەی بیر لەخۆرئاواو دەوڵەتانی عەرەبی بکاتەوە، ئەو بەرژەوەندیە سەبارەت بە تورکیا، لەم هەلومەرجەدا چارەنوسسازە. بێگومان دوای ئەوەش دەزانین تورکیا هیچ یەکتربڕینو دژایەتی نییە لەنێوان بەرژەوەندیی خۆیو بەرژەوەندیی خۆرئاوادا، بەپێچەوانەوە یەکانگیرییو کارلێك هەیە لەنێوان بەرژەوەندیی تورکیاو بەژەوەندیی خۆرئاوادا، لەبەرئەوەی کە تورکیا دەیەوێت ببێت بەئەندام لەیەکێتیی ئەوروپادا، کەدەبێت بەئەندام لەیەکێتیی ئەوروپا، چۆن دێت لەسەر سوریا خاڵی یەکتربڕ دروست دەکات لەگەڵ خۆرئاوادا؟

- ٨ -

# ئایا ئیسرائیل
# دەستی بۆ لێدانی ئێران کراوەیە؟

★لەبارەی بردنەوەی هێزە ئیسلامییەکانو مەسەلەی سوریاو ئەو ململانێیەیەی لەناو سوریادایە، بۆچوونێك هەیە دەڵێت لەکۆتایی یارییەکەدا دەبێت بەشار بڕوات، ئەی ئیسرائیل لەکوێدایە؟

**مەلا بەختیار:** ئیسرائیل تائێستا بەئاشکرا نەهاتۆتە سەرشانۆکە، بەڵام لەپشتی شانۆوە بێگومان کاری خۆی دەکات، ئیسرائیل لەهەموولایەك زیاتر مەترسیی لە ئیخوان موسلمینە کە لەم ناوچانەدا دێنە سەر حکوم، بەڵام ئایا لەسوریاش ئیخوان موسلمینەکان دێنە سەرحکوم ئەگەر هەڵبژاردنیش ببێت؟، گریمان بەشار نامێنێت، ئەوەی کە دەخوێنرێتەوەو دەوترێت دەوروبەری چوار ملیۆن عەلەوی هەیە لەسوریا، سێ ملیۆن زیاتر مەسیحی هەیە، سێ ملیۆن زیاتر کورد هەیە لەسوریا، ٧٠٠ بۆ ٨٠٠ هەزارێکیش دروزی هەیە، ١١ بۆ ١٢ ملیۆنی ناچنە ژێر کاریگەریی ئیخوان



موسلمینەوە ١١بۆ ١٢ ملیۆنەکیتر مەعقولە هەمووی ئیخوان موسلمین بن؟ ئەگەر بەشێوازێکی ماتماتیکیش سەیری بکەین، هەرهەمووی ئیخوان موسلمینن؟ ئەمە دیموکراسییخوازانی تێدانییە؟ ئازادیخوازان تێدانییە؟ عەلمانییەکانی تێدانییە؟ سوریا وڵاتێکی ئاسان نییە، لەیەمەنیشدا وانییە، لەلیبیاش وانییە کە هەر هەمووی ئیسلامگەرای عەیارە ٢٤ بن، یان ئیخوان موسلیمینی تەواو بن، وانییە ئەو مەسەلەیە، لەبەرئەوە ئیسرائیل زۆر حساب بۆ ئەو بارودۆخانە دەکاتو زۆریش دەترسێت لەم بارودۆخە بەوەی کە ئێمە دەیخوێنینەوەو شتەکان دەبینین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئیسرائیل چی بکات؟

★ دۆستەکانی ئیسرائیل کەوتن، موبارەك دۆستی ئیسرائیل بوو، بن عەلی دۆستی ئیسرائیل بوو، عەلی عەبدوڵلا ساڵح دۆستی ئیسرائیل بوو، ئێستا باسی پەیوەندیی ژێر بەژێر دەکەن لەنێوان قەزافیو ئیسرائیل- دا کەواتە: دۆستەکانی ئیسرائیل کەوتوون، واتە مەترسیی ناگاتە سەرئەوەی پێی دەوترێ دەوڵەتی ئیسرائیل؟

**<u>مەلا بەختیار:</u>** عەلی عەبدوڵڵا ساڵح دۆستی ئیسرائیل نەبووە، بن عەلی-ش دۆستی ئیسرائیل نەبوو، بەپێچەوانەوە لەمەغریبدا دۆستی ئیسرائیل بەهێزترە.

ئەوروپای خۆرهەڵاتیش هەمووی کەوت، سۆڤێت چی پێکرا؟ سۆڤێت خۆشی کەوت لەگەڵیدا، ئێستا کۆریاو کوبا بارودۆخیان خراپە، چین چی پێدەکرێت بۆیان؟ ئەمە رووداوێك نییە ئیسرائیل بتوانێت بەرگریی لەدۆستی خۆی بکات، ئیسرائیل ستراتیژیی لەگەڵ ستراتیژی خۆرئاوادایە، تایبەت لەگەڵ ئەمریکادایە، بێگومان لەگەڵ حساباتی تایبەتی خۆی کە لەخۆرهەڵاتدا دەیکات، بەڵام ئیسرائیل خۆ ناتوانێت لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا تەحەکوم بکات، ئیسرائیل وڵاتێکی بچووکە لەچاو وڵاتانی عەرەبیو تورکیاو ئێراندا، ئیسرائیل ئێستا لەهەمووکات زیاتر پێویستی بەئەمریکاو خۆرئاوایە، لەبەرئەوە چارەنووسی سیاسەتی خۆیشی لەمەودوا زیاتر دەبەستێتەوە بەچارەنووسی خۆرئاواو ئەمریکاوە، تەنانەت ئیسرائیل پێش ئەم رووداوانە ئەگەر خەیاڵی هەبووبێت، لەئەگەرێکدا، ئەگەر ئێران ببێت بەخاوەنی چەکی ئەتۆمی، بەتەنها کارێکی سەربازی بەرامبەر بەکۆماری



ئیسلامی ئێران بکات، لەپێش ئەم رووداوانە، ئەوا لەدوای ئەم رووداوانە ناتوانێت ئەم خەیاڵەش جێبەجێبکات، دەستی کراوە نەما. لەبەرئەوەی کە لەوڵاتەکاندا کێ دەمێنێت دۆستایەتیی بکات؟ تەنها خۆرئاوای هەیە، ئەگەر خۆرئاوا قبوڵ نەکات ئیسرائیل ئەم کارە بکات، ئیسرائیل دەبێت لەو بڕیارەش پاشگەزبێتەوە، هەروەها ئیسرائیل-یش بەشێوەیەك لەشێوەکان دەبێت بەسیاسەتی خۆیدا بچێتەوە، ئیسرائیل لەمەودوا ناتوانێت ئاسایشی خۆی بەتەکنۆلۆژیا بپارێزێت، دەبێت ئاسایشی خۆی بەئاشتی بپارێزێت، دەبێت بیر لەوە بکاتەوە ستراتیژی ئاشتی بێنێتە پێشەوەو کێشەی فەلەستین چارەسەربکات.

- ٩ -

## مافەکانی کوردستانی سوریا

★ دەنگۆیەك هەیە کە هێزە سیاسییە کوردییەکان بەتایبەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستان یارمەتیی هێزە ئۆپۆزسیۆنە سورییەکان دەدەن، ئەم دەنگۆیە تاچەند راستە؟

**مەلا بەختیار:** بۆ یەكەمینجارە بزووتنەوەی دیموكراسیی كوردستانی سوریا هاتۆتە مەیدانو یەكێكە لەژمارەكان، كۆنگرەیان بەست لەكۆنگرەكەدا ئەنجومەنی نیشتمانیان هەڵبژاردووە، هەموو حزبەكانی كوردستانی سوریا لەگەڵ هاوئاهەنگیی گەنجەكانو بێلایەنەكان لەو كۆنگرەیە بەشداریانكردووە، تەنها ئەو هێزەی كە دۆستی پەكەكەیە، ئێستا لەدەرەوەی ئەو كۆنگرەیەیە، ئەویش گفتوگۆ هەیە لەنێوانیان بۆئەوەی بەشێوەیەك لەشێوەكان دۆستایەتیی بكەن، بێگومان ئەم هێزانە سەبارەت بەئێمەو بەش بەحاڵی نەتەوەكەمان وەكو كورد لامان مەبەستە مافە دیموكراسییەكانی گەلەكەمان بەدیبێت لەوێ، رێی تێناچێت لەكوردستانی سوریاو لەناو كوردی سوریا بەشێكی بەرچاو تائێستا شوناسی وڵاتی سوریایان نییە، پێی دەڵێت هیچ مافێكت نادەمو دەبێت هاووڵاتی سوری-یش بیت، ناشبێت باسی كورد بكەیت، نابێت كوردایەتی بكەیت، نابێت باسی كوردستان بكەیتو شوناسیشت نادەمێ، ئەمە قابیلی تەحەمول نییە، بەڵام بەداخەوە لەبەرامبەریشدا تائێستا ئۆپۆزسیۆنی نیشتمانییو دیموكراسی سوری-ش



بەئیخوان موسلمینەكانی سوریاشەوە، چرایەكی سەوزیان بۆ دابینكردنی مافی كورد دانەگیرساندووە، نیگەرانین لەوە وەكو یەكێتی وەكو پارتی وەكو حكومەتی كوردستان پێمان باشە هێزەكانی كوردستانی سوریا، كۆنگرەی قامیشلی لەگەڵ ئەو كۆنگرەیەی لەئەنقەرە بەستراوە، لەگەڵ ئەو لیژنە هاوئاهەنگییانەی كە لەدیمەشق بەستراوە، پێمانباشە ئەوانە لەئێستاوە مافەكانی خۆیان لەگەڵ ئەوانە ساغ بكەنەوەو نەیدەنە دەست قەدەر، لەسەر بنەمای دیموكراسی لەچوارچێوەی سوریاش قبوڵە، بەڵام دەبێت مافەكانی گەلی كورد دابینبكرێت، سەبارەت بەوەش كە لەگەڵ كێ دۆستینو لەگەڵ كێ دۆست نین، بەش بەحاڵی خۆمان حكومەتی سوریاشمان تێگەیاندووەو هەموو هێزەكانمان تێگەیاندووە، كە قۆناغی تاك حزبی، سەپاندنی یەك ئایدۆلۆژییەت، نەبوونی: دیموكراسی، هەڵبژاردن، تەعەدودییەت، دابیننەكردنی مافەكان تێپەڕییو بۆ هیچ دەوڵەتێك ئەمە نامێنێت، لەبەرئەوە دەوڵەتی سوریا گەورەترین هەڵەی كردووە كە بەم زەبروزەنگە وەڵامی خەڵك دەداتەوە، سوریا دەبوایە كە رووداوەكانی وڵاتانی عەرەبی بینی، خۆی بەوە نەخەڵەتێنێت بڵێت سوریا میسر، تونس،

مەغریبو لیبیا نییە، دەبوایە بزانێت کە سوریاش سوریایە، سوریاش گۆڕانکاریی پێویستە، بەڵام بەداخەوە خۆی تێوەگلاند بەوەوە کە تائێستا ٤ هەزار هاووڵاتی سوریی کوشتووە، ئیتر گەڕانەوە بۆ چوارگۆشەی یەکەم نەما لەسوریا.

- ١٠ -

## تونێلەکە دەکرێتەوە

*ئەگەر بەدێڕێك پێمان بڵێی ئەم ڕووداوانە ئایندەیان بەرەو کوێیە، تونێلێکی تاریك، یان ڕووناکاییەکی گەورە؟

**مەلا بەختیار**: پێموابێت هەڵکەندنی نەفەقێکی سەختە، بەڵام بەرەو ڕووناکی دەڕوات.

*دوای ئەم ڕووداوانەی باسمانکردن کە لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست ڕوویاندا لەوڵاتانی عەرەبیدا، عیراق دوورگەیەکی داخراو نییە، عیراق لەکوێی ئەم هاوکێشە سیاسیانەدایە کە ڕوودەدات لەم ناوچانەدا؟



**مەلا بەختیار**: هەمیشە لەهەموو شوێنێکی جیهاندا، چەقێك دروست دەبێت، ڕووداو تیایدا کڵپە دەسێنێت، کەمە کەمە بەدەوروبەری خۆیدا ڕەنگدەداتەوە، جا لەهەندێك شوێن هەیە ڕەنگدانەوەکە ڕاستەوخۆیەو شوێنی واش هەیە ڕەنگدانەوەکەی ناڕاستەوخۆیە، بۆنموونە بڕوانە بزووتنەوەی کرێکاری لەجیهاندا، لەچەند سەنتەرێکی جیهاندا گواستراوەتەوە، ماوەیەك لەئیتاڵیا بووە، ماوەیەك لەپاریس بووە، ماوەیەك لەشیکاگۆ بووە، ماوەیەك هاتۆتەوە بۆ مەدرید، چۆتەوە بۆ بەرلین، جۆرەها ڕەنگدانەوەی هەبووە. لەئەورووپاو لەئەمریکای لاتین، بزووتنەوە ناسیۆنالیستەکان لەجیهاندا وابووە یەکەمینجار لەبەریتانیا سەری هەڵداوەو دواتر فەرەنسا بووە بە سەنتەرەکەی، دواتریش لەئەورووپا ڕەنگیداوەتەوە، دوای ئەوەی بزووتنەوەی دیموکراتی لەهەموو ئەورپا سەرکەوتووە. شۆڕشی ئۆکتۆبەر وابووە، شۆڕشی چین وابووە، شۆڕشی ڤێتنام وابووە، کاتێك کە شۆڕشی گەلانی ئێران-یش بەرپابووەو کۆماری ئیسلامی ئێران دروستبوو، کاریگەریی هەبوو لەدەوروبەری خۆی، یەکێك لەهۆیەکانی بەرپابوونی شەڕی ئێرانو عیراق کە سەدام

دەستپێشخەرییکرد تیایدا، مەترسی کاریگەریی شیعەگەریی بوو لەئێراندا، بۆ سەر شیعەکانی عیراق لەوکاتەدا، بۆیە ئاراستەی کاریگەرییەکە دەیویست بەوجۆرە بگۆڕێت، ئێستا ئەم رووداوانە لەچەندین وڵاتی عەربیدا هاوزەمانو هاوزا بەیەکەوە روویداوە، بێگومان عیراق یەکێکە لەو وڵاتە هەرە گرنگانەی ناوچەکە، ئەگەر سەدامیش بمایە چۆن ئێستا لەسوریا بەعس حاکمە سەدام-یش لێرە لەسەر حکوم بمایە، ئەم رووداوانە کاریگەرییان لەسەر خەڵکی عیراقیش زیاتر دەبوو، بەشێوەیەك لەشێوەکانیش لەعیراق-یش دەتەقییەوە، بەڵام لەبەرئەوەی لەعیراقدا گۆڕانکارییەکان تازە روویداوە، چەند ساڵێکە سەدام رووخاوە، خەڵك دەزانێت عیراق تێوەگلاوە بەتیرۆرو پیلانگێڕیی لەسەر عیراق هەیە، لەبەرئەوە کاریگەرییەکە ئەوەندەی لەسەر سوریایە، ئەوەندە لەسەر عیراق نییە، بەڵام بەشێوەیەك لەشێوەکان هەندێك هێزی دیموکرات، هەندێك هێزی چەپ، هەندێك رێکخراوی مەدەنی لەبەغدا کەوتونە ناڕەزاییو ئێستاش ناڕەزاییو رەخنە هەیە، کوردستانیش بەهەمانشێوە، راستە ئێستاش دەیڵێینەوە کە کوردستان کۆپیکراوی هیچ شوێنێك لەو شوێنانە



نییە کە راپەرینەکانی تێدا بەرپابوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تینو کڵپەی راپەڕینەکانی ئەو وڵاتانە، بەشێوەیەك لەشێوەکان گەرماییەکەی گەیشتە لای ئێمەش، ١٧ی شوبات کە خۆپیشاندانەکان لەکوردستاندا بوو، یەکێك لەهەڵەکانی کە کران، هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن کردیان پێیانوابوو، ئەم باهۆزەی کە هاتووە هەموو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لەکاتێکی کەمدا دەگۆڕێت، کەچی واش دەرنەچوو.

★ ئێستا دەڵێن مەترسییەکە لەدوای کشانەوەی سوپای ئەمریکایە لەعیراق، مەترسییە گەورەکەی کە چاوەڕێی عیراق دەکات، لەدوای کشانەوەی سوپای ئەمریکایە، بەرکەوتنی هێزەکانو لێکترازانی عیراق، پێتوایە ئەو بۆچوونە راست دەردەچێت کە عیراق روو لەلێکترازانو لەدابڕان دەکات؟

**مەلا بەختیار**: ئەمە بابەتێکی ترەو بابەتی ئەمریکاو کشانەوەی ئەمریکا پێش ئەو راپەڕینانە هەبووە، لەگەرمەی راپەرینەکانیش هەبووەو ئێستاش هەیە، لەدوا سەردانی بەرێز نوری مالکی بۆ ئەمریکا، لەکۆنگرە رۆژنامەنووسییەکەی نێوان خۆیو سەرۆك

ئۆبامادا ڕەنگدانەوەی ئەو کشانەوەیە هەبووە، لەدوای کشانەوەش پەیوەندیی ئەمریکاو مەسەلە ئەمنیەکانی عیراق زۆر لەقسەکانو گفتوگۆکاندا بەڕۆشنی ڕەنگی دابۆوە، با کەمێك بەکراوەیی قسەبکەم:

ئەمریکا لەڕووخاندنی سەدام لەسەرکەوتنی هێزی سەربازیی ئەمریکا بۆ رووخاندنی سەدامو بۆ کۆنترۆلکردنی عیراق سەرکەوتو بوو، بەڵام ئەمریکا لەچۆنێتی پێکهێنانەوەی دەوڵەتی عیراقداو لەکۆکردنەوەی هێزە ناکۆکەکانی عیراقو ئیدارەدانی ململانێی هێزە ناکۆکەکانی عیراقدا هەر لەسەرەتاوە ستراتیژێکی ڕۆشنی نەبوو. ئەو نەرمییەی ئەمریکا بەرامبەر بەهەندێك لەهێزە سوننەکانی ئاشکرا دژی پڕۆسەی نوێی عیراق بوو، ئەو نەرمییەو ئەو گوشارەی ئەمریکا بۆئەوەی ئەوان لەناو پڕۆسەکەدابن، ئەمریکا لەم مەسەلانەدا سەرکەوتوو نەبوو، نالێم لەمەسەلە ئەمنیەکاندا سەرکەوتوو نەبووە، چونکە مەسەلەی ئەمنی ئەوەی بەئەمریکا کرا کردی، درێخی نەکرد، کەمیشی قوربانی نەدا لەپێناوی ئەوەی کە بتوانێت تیرۆریستەکان لەناو بەرێت، بەڵام لەمەسەلەی ئیدارەدانی دەوڵەتی عیراقدا، گوشاری ئەمریکا بۆئەوەی هەموو ئەو هێزانە بەم شێوەیەی ئێستا لەناو ئەم



سیستمەدابن، لەناو ئەم پەرلەمانەدابنو لەناو ئەم حوکمرانییەدابن، تا ئێستا سەرکەوتوو نەبووە.

شتێکیتر سەبارەت بەئەمریکا گرنگە لەمەسەلەی جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠) ئەمریکا کەمتەرخەمی هەبوو، ئەمریکا دیراسەی هەیە، ئەمریکا خۆی وەفدی نارد لەدوای رووخان، ئەمریکا راپۆرتی هەیە، ئەمریکا بەلگەنامە مێژووییەکانی هەیە، ئەمریکا ٨ ساڵە لەناو کەرکوکە، لەپارێزگای دیالەیە، لەنەینەوادایە، لەسەلاحەدینە، باشدەزانێت ناوچە کێشەلەسەرەکان کوردستانو زۆرینەی خەڵکەکە کوردستانین، حەقی کوردستانیش بووە کەچی ئەمریکا لەجێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠داو لەپێدانەوەی ئەم مافە بەکورد کەمتەرخەمیەکی زۆریکرد.

لەلایەکەوە تۆ سەرکەوتوو نەبیت لەئیدارەیەکی سەرکەوتوترو کۆکردنەوەی باشتری ئەو هێزانەی کە دەتوانن حوکم بکەن، لەلایەکەوە لەدوای ٨ساڵ لەناوچە کێشەلەسەرەکان، کێشەی ماددەی١٤٠وەك خۆی بمێنێتەوە، لەم کاتەشدا هێزە مەزهەبییەکانی عیراق گوشاریان خستەسەر ئەمریکا کە بەبێ پشتبەند، وشەی (حصانە) پێشنیازدەکەم کە وشەی پشتبەندی بۆ بەکاربهێنن، ئەمریکا بەبێ پشتبەند هێزەکانی لەعیراق

نەدەمایەوە، زۆربەی هێزە مەزهەبییەکانی عیراق، دژی ئەوەبوون ئەمریکا بمێنێتەوە، لەگەڵ کۆمەڵێك لەهێزەکانی تری ناو سوننەو قاعیدە، ئەوە ئەمریکا دەکشێتەوە، ئێمەی کورد پێمان وانەبوو کە لەکاتێکدا عیراق خۆی نەگرتۆتەوە ئەمریکا دەکشێتەوە، بێ گومان مەترسی زۆرە ئێستا.

- ١١ -

## مادەی (١٤٠) و خەمساردی ئەمریکا

٭باسی ئەوەت کرد کە ئەمریکا خەمساردبووە لەجێبەجێکردنی ماددەی١٤٠، بەڵام بۆچونێکیتر هەیە کە دەڵێت: سەرکردایەتی سیاسی کورد خەمساردبووە لەجێبەجێکردنی ئەو مادده گرنگەی دەستوور؟

**مەلا بەختیار:** ئەوەی کە بەسەرکردایەتی سیاسیی کوردستان کراوە کردوویەتی، ئەوەی بەسەرکردایەتی سیاسی کوردستان نەکراوە رێگرەکان ئەمریکاو دەوڵەتی عیراق بوونو یەکێك لەدەوڵەتەکانی ئیقلیمییەو ئەو کێشە ئەمنیانەیە کە لەعیراقدا ئێستا هەن.



٭بۆچوونێك هەیە دەڵێت: کەرکوك بەهیچ شێوەیەك ناگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئەو بۆچوونە راستەو دروستە، یاخود نەخێر هیوایەك هەیە کاریشکراوە بەتایبەتیش دوای پرۆژەکەی بەڕێز مام جەلال کە بۆ سەرجەم پارێزگاکانی عیراقە، کەرکوك بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان؟

**مەلا بەختیار:** پێمانوایە ئەم بۆچوونە هاوئاهەنگە لەگەڵ بۆچوونی شۆڤێنییەکان، ئەو نائومێدییە نابێت بهێڵین بێتە ناو دەروونی گەلەکەمانەوە، نابێت بهێڵین لەناو داخوازییە نەتەوەیەکانی کوردستاندا نائومێدی وا چەکەرە بکات، ئەوەی لەناو کوردستاندا سەر بەدەسەڵات بێت، سەر بەئۆپۆزسیۆن بێت، سەر بەهەرلایەك بێت بیەوێت ئەمە بکات بەئاراستەیەك، رەشبینییەك لەبەرچاوی رای گشتی گەلەکەمان بخولقێنێت، ئەوە دەچێتە خزمەتی شۆفینییەکانو نابێت قبوڵی بکەین، ئەمە یەك، دووەم ئێستا کەرکوك بەعەمەلی بەدەست کوردستانەوەیە، پارێزگار هی ئێمە، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك بەبڕیاری ئێمەو بەئیتیفاقی ئێمەو بەرەی تورکمانی

دانراوەو زۆربەی فەرمانگەکانی کەرکوك ئێستا ئیدارە دەکەین، خزمەتگوزارییەکان لەکەرکوك ئێمە دەیکەین، کاریگەریی هەرێم لەسەر کەرکوك لەکاریگەریی بەغدا زیاتر نەبێت، کەمتر نییە، ئەوەندەی جەنابی مام جەلال سەردانی ئەوێ دەکات، دووجار تائێستا سەرۆکی هەرێم سەریداوە، بەڕێز سەرۆکی حکومەتی کوردستان، وەزیرەکانی کوردستان، ئەوەندەی سەر لەوێدەدەن، چەند لەبەغدا دێن سەرلەوێ دەدەن؟ لەبەرئەوە ئەم قسانە هیچی لەخزمەتی کێشە نەتەواتییەکەمانو مافە دیموکراسییەکانی ئێمەدا نییە، ئەوەی کە تائێستا جێبەجێکراون لەماددەی ١٤٠ لەقەرەبوو، لەڕۆشتنی تەعریب لەزۆر لەم مەسەلانە بەو پرۆژیەی جەنابی مام جەلال-یشەوە کەبەدەستییەوەیەتی جێبەجێبکرێت، بەوەی کە ئێستا بڕیارەکانی مەجلسی قیادەی سەورە هەڵدەوەشێتەوە، ئەمانە سەبارەت بەکورد خەوو خەیاڵ بووە، تاکە رێگایەك ماوە یان دان بەخۆماندا بگرینو لەڕێگەی یاساوە جێبەجێی بکەین یاخود بڕیاری شەڕبدەین، ئەگەر بڕیاری شەڕبدەین راستە یان دان بەخۆماندا بگرینو گوشار بخەینەسەر هەموو ناوەندەکانو برگەکانی ماددەی ١٤٠جێبەجێ بکەین؟ تائێستا بۆچوونمان وایە دان بەخۆماندا



بگرین، گوشار بکەین، برگەکانی ماددەکە جێبەجێبکەین.

## - ١٢ -

## پرۆژەکەی مام جەلالو مادەی (١٤٠)

★گرنگیی پرۆژەکەی مام جەلال بۆ ناوچە دابڕاوەکان چییە لەم کاتەدا؟ بۆچوونێك هەیە دەڵێت درەنگ کەوتووەو بۆچونێکیش هەیە دەڵێت: زۆر زەروورە لەم کاتەدا هەموو هێزە سیاسییە کوردەکان ئەم پرۆژەیە تەبەنی بکەین؟

**مەلا بەختیار:** ئەم پرۆژەیەی جەنابی مام جەلال پێشکەشیکردووە، پێشتریش لەئەنجومەنی وەزیران دووجار مشتومڕی لەسەرکراوە، وەزیرە کوردەکان رۆڵێکی شەرەفمەندانەیان بینیووە لەو مشتومڕەدا، بەڕێز نوری مالکی سەرۆك وەزیرانی عیراق رۆڵێکی بەرچاوی هەبوو بۆئەوەی ئەمە تێبپەڕێت، سەرئەنجام ئێستا جەنابی مام جەلال کردویتی بەپرۆژەو پێشکەشی دەکات، ئەمە یەکێك لەکۆسپە هەرە

گەورەكانی بەردەم جێبەجێكردنی مااددەی١٤٠و ئاساییكردنەوەی دۆخی پارێزگاكانی تەعریبكراوو غەیرە تەعریبكراوی كوردستانو عیراق بوو، سەدانو هەزاران كێشەی كەڵەكەبووی چارەسەر نەكراوی خەڵك هەیە، لەنێوان عەرەب، توركمان، مەسیحی، كوردو لەنێوان پارێزگاكانو لەنێوان قەزاكانو ناحییەكاندا، هەمووی كەڵەكە بووە، بەبێ ئەو بڕیارە، بەبێ ئەو پڕۆژەیە چارەسەرناكرێت، ئەمە ئەگەر چارەسەربكرێتو ئەگەر ئەو پڕۆژەیە ببێت بەئەمری واقیعو بێتەدی، نیوەی كێشەكانو كۆسپەكانو ئاڵۆزییەكانی بەردەم جێبەجێكرنی مادەی١٤٠كۆتایی دێت، تێناگەم ئەو كەسانەی كە قسەی بەرزو نزم لەمبارەیەوە دەكەنو هیچی لێنازانن‌و هەر دەیانەوێت بەستوون نووسین خۆیان بكەن بە توێژەری گەورەگەورە، خۆ قسە حسابەو خۆ قسە كیتابەو قسە بەراوردكارییە، ئەوسا سەرئەنجامەكانی دەردەكەوێت چەند راستەو چەند راست نییە، ئەمە پڕۆژەیەكی یەكجار گرنگە ٨ ساڵە شەڕ لەسەر ئەوەیە كە ئەنجومەنی وەزیران بڕیارەكانی مەجلسی قیادەی سەورە سەبارەت بەناوچەكانی ئێمەو ئەوەی كە پێیاندەوت (شئونی شیمال) هەڵبوەشێنرێتەوە، ئەمە



قبولْ بكرێت، قبوڵنەكراوە، ئێستا قبوڵكراوەو گەیشتۆتە ئەوەی مام جەلال بیكات بەپڕۆژەو بینێرێت بۆ پەرلەمانی عیراق، دەبێت لەخۆشیاندا شاگەشكەبین.

- ١٣ -

## پەلەكردن لە مافێكی دەستوری

* لەسەروبەندی ئەم رووداوانەدا ئێستا بەهەرێمبوونی پارێزگاكان دەستیپێكردووە، هەر پارێزگایە ئیعلانی هەرێمبوونی خۆی دەكات ئەمە چەندە قازانجە بۆ هەرێمێك كە ناوی هەرێمی كوردستانە؟

**مەلا بەختیار:** بڕوانە هەرێمی كوردستان چ كاریگەریی هەیە، ئەوانەی پێش رووخانو لەكاتی رووخاندا، لەكاتی مەجلیسی حوكمدا، لەپەرلەماندا، لەنووسینی دەستووردا بەشێكی زۆری ئەوانەی كە دژی هەرێمبوون، دژی فیدراڵی بوون، وردەوردە دەزانن كە ئەگەر لامەركەزیەت لەحوكمو ئیدارەی فیدراڵیدا هەبێت، چەند پێشكەوتنو چەند گۆڕانكاریی دێتەدی،

ئەم كاريگەرييەى هەرێميش لەپارێزگاكانى عيراق لەبەسرەوە ئەو مشتومڕە هەيە تادەگاتە ئەنبار، تا دەگاتە ديالە، تادەگاتە تكريت، ئەو مشتومڕەى ئێستا هەيە لەراستيدا ئەوانەى ئەم بڕيارەيانداوە لەگەڵ سەركردايەتى سياسيى کورددا بنجوبنەوانى ئەم گرفتەيان لێكنەداوەتەوە تا دانيشين زۆر بەوردتر لەسەر ئەو بابەتانە قسەيان لەگەڵدا بكەين، ئەگەر بەبۆچوونى ئێمە بووايە، پێمانوايە ئەمە دەبوو باشتر پوختبكرێتو باشتر ساغبكرێتەوەو ژينگەى سياسيى باشترى لەپەرلەمانو لەحكومەتو لەدامودەزگاكانى عيراقدا بۆ ئامادەبكرێت، ئينجا ئەمە تێپەڕندرێت، بەڵام ديارە ئەو خەڵكە چارەنووسى خۆى دياريكردووەو پشتى بەدەستور بەستووە، سەر ئەنجام لەسەلاحەدين، لەديالە ئێستا قسە لەئەنبارو بەسرەش هەيە، قسە لەسەر ئەوە دەكرێت ئەم بڕيارەى كە دراوە بەكاردانەوەى عەسكەرييو بەگرتنو راوەدونانى خەڵك چارەسەر ناكرێت، دەبێت بەهێمنى حزبە سياسييەكان دانيشن لەپەرلەمان قسە لەسەر ئەمە بكەين، لەحكومەت قسەى لەسەربكەين، ئەمريكا دەكشێتەوە، كێشەى عيراق كەم نييە كە ئێستا حكومەتى عيراق لەگەڵ پارێزگاى سەلاحەدين، لەگەڵ پارێزگاى ديالەو



ئەنبار دواتر ئەگەر بەسرە هاتە پێشەوە، لەگەڵ ئەم چوار پارێزگايە تێكهەڵچوونو گرفت دروستببێت، ناكرێت باجەكەى وابێتو زيانێكى زۆرى بۆ عيراقو ئەو پارێزگايانەش هەبێت. رامان وايە بەئارامى هەموو لايەكمان قسە لەسەر ئەو مەسەلەيە بكەينو داخوازييەكان بەپێى دەستوور بوو، ئەگەر تۆزێك كاتى بوێت ئاراممان هەبێت، بەڵام نابێت پێشێلى دەستوور بكەين ئەمە يەك، دوو بێگومان دوو پارێزگا ئيعلانى فيدراڵ دەكەن، ئيعلانى هەرێمايەتى دەكەن، سەلاحەدينو ديالە لەم دوو پارێزگايەدا ناوچەى كێشەى لەسەرى تێدايە، لەپارێزگاى ديالە قەزاى خانەقينو مەندەلى هەيە، لەپارێزگاى سەلاحەدين قەزاى خورماتوو بەرەو سەرەوەو دەوروبەرى ناحيەى سلێمان بەگو سنوورى شاخى حەمرينو دێهاتەكانى هەيە، ئێمە رازيش بين لەسەرى، لەسەر ئەمە رێكيش بكەوين، ئەوە لەسەر حيسابى ئەوە نييە ئەوانە ناوچەى كێشە لەسەرەكانى ئێمە قووتبدەن، ناهێڵين قوتيبدەن.

بارودۆخەكە بەرەو ئەوە دەڕوات گفتوگۆ لەسەر جوگرافياى كوردستان بكەين، نەك تەنها لەسەر برگەكانى ماددەى ١٤٠، بەڵكو كاتى ئەوە دێت بۆ

ئێمەش گفتوگۆ لەسەر جوگرافیای كوردستان بكەین، ئەوەی پێدەوترێت جوگرافیای كوردستان لەباكووری حەمرینەوە كوێ دەكەوێتە ناو ئەم سنورو جوگرافیایەوە، مولكی مێژوویی كوردستانە، كاتی ئەوە هاتووەو پێشموایە وردەوردە بۆ ئەوە دەڕوات. فیدراڵیەتی بێسنور نییە.

- ١٤ -

## ململانێ لەسەر جوگرافیای كوردستان

*شەڕی ئایندەی سەركردایەتی سیاسیی كورد شەڕێكی زۆر نەتەوایەتییە لەپێناو پاراستنو دیاریكردنی سنووری جوگرافیای هەرێمی كوردستاندا؟

**مەلا بەختیار:** شەڕی یاسایی، عەقلانی، سیاسی، ئسوڵی، جوگرافی، ئابوری‌و مافە مێژووییەكان بەڵێ، هەتا رێگەكانی شەرعیی لەنەتەوەیەكگرتووكانەوە بۆ ئەنجومەنی ئاسایش بۆ دامودەزگا جیهانییەكان، بۆ جامیعەی عەرەبی، بۆ عیراق، بۆ پەرلەمان، بۆ هەموو دۆستەكانمان، هەتا رێگە شەرعییەكانمان مابێت، ئەو



رێگەیە دەگرینەبەرو لەهیچ رێگەیەك، لەهیچ لەدەرگادانێكیش كەمتەرخەمیی ناكەین، بەڵام ئەگەربێتو لەبەرامبەر داوای شەرعیی خۆمان لەسەر هەموو داخوازییەكانمان، چ جوگرافیای كوردستانو چ جێبەجێكردنی ماددەی١٤٠و چ مەسەلەی هەڵبژاردنو چ جێبەجێكردنی پرۆژەكەی جەنابی مام جەلال بۆ ئاساییكردنەوەی سنووری پارێزگاكانی عێراقو كوردستان، ئەگەر لەسەر ئەمانە هەبێت لەباتی چارەسەركردنی كێشەكان، لەباتی دابینكردنی باقی مافەكانمان، شەڕمان بكات، هەبێت لاساربێت لەدەوڵەتی عیراقیدا ئەم رەوتو ئەو رەوتی چەكداریی میلیشیاییە، بیەوێت شەڕمان بكات، بێ گومان ئێمەش دەستمان لەگیرفانماندا نییە.

- ١٥ -

## هاوكێشەكانو سەربەخۆیی كوردستان

*لەگۆڕینی نەخشەی سیاسیی لەناو خۆرهەڵاتی ناوەڕاستو وڵاتانی عەرەبیدا ئەمەی بۆ كورد هاتۆتە پێشەوە لەئێستادا، دەرفەتێكی زێڕینە، كورد دەتوانێت

بیقۆزێتەوە یاخود حاڵەتێکە کورد دەبێت زۆر بەوریاییەوە مامەڵە لەگەڵ دۆخەکەدا بکات بەسەرسەری کوردا ناشکێتەوە ئەم دۆخە؟

**مەلا بەختیار:** بەڵێ دەرفەتێکی زێڕینە، بەڵام خۆ نەهاتووین لەدەرفەتێکی زێڕیندا بەفەوزا مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، لەبابی مامەڵەی یاسایی، عەقلانی، ئسوڵیو سیاسییەوە تائێستا ڕێگەی ترمان نەگرتۆتەبەر. هیچ دەوڵەتێك لەجیهاندا هەتا بەدەوڵەتە ئیقلیمییەکانیشەوە ناتوانن تانووت لەسیاسەتی ئێمە بدەن، ئەو سیاسەتە ژیرانەو واقیعیانەو ئوسوڵیانەی ئێمەیە ڕێگە بەهەندێك دەوڵەتی ئیقلیمی نادات زیاتر لەپێویست دەست تێوەربداتە ئەملاوئەولای کوردستانو عیراق، لەبەرئەوە ئەو سیاسەتەی سیاسەتێکی گونجاوە لەگەڵ عەقڵی سەردەمو لەگەڵ هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکە، ئەم سیاسەتە بەردەوامدەبێت تا ئەوکاتەی بزانین دەتوانێت دوا ئامانجەکانی بەدیبهێنێت، یان ئەگەر نەیهێنایەتەدی، کێشەی گەورە لەبەردەمی ئێمە دروستبکەنو بیانەوێت ئاسایشی خەڵکەکەمان لەناوچە کێشە لەسەرەکان بخەنە مەترسییەوە، بێگومان وەکو



عەرب دەڵێت: (لكل حادث حديث) ئەمە لەبەرامبەر ڕووداوی نەخوازراوو نەبێدەنگینو نەدەستمان بەستراوە.

★کەواتە ئەمە دەرفەتێکی زێڕینە بۆ کورد هاتۆتە پێشەوە، بۆ لەئێستادا هەنگاو نانێت بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی.

**مەلا بەختیار:** سەبارەت بەدەوڵەتی کوردی بەقسەیەکی میخائیل نعیمەوە ئەچمە ناو مەوزوعەکە کە دەڵێت (کۆیلەت بینی خەوتبوو، بێداری مەکە، نەوەك خەو بەئازادییەوە ببینێت) باوەڕم وایە لەسەدا نەوەتو پێنج زیاتری کورد خەو بەدەوڵەتی کوردییەوە دەبینێت، بەڵام ئایا ئێستا بێدار دەبێن، بڕیار دەدەین پێم وایە چەند خۆمان بەئاواتین دەوڵەتی کوردستان بەدی بێت، بەشێکی بەدیهێنانی ئەم ئاواتە بەندە بەسیاسەتی نێونەتەوەییو عێراقو ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەوروپای خۆرهەڵات ئەگەر گۆڕانگاریی ڕیشەیی بەسەر ستسمی جیهانو ئەوروپای خۆرهەڵاتدا نەهاتایە، جەنگی سارد کۆتایی نەهاتایە، ئەو دەوڵەتانەمان نەدەبینی

لەئەوروپای خۆرهەڵاتدا کە ئێستا چەندین دەوڵەت بوون بەئەندام لەنەتەوەیەکگرتووەکاندا، لەبەرئەوە ئێمە وەکو کورد بەهەڵبژاردن، بەڕاپرسی فیدڕایمان هەڵبژاردووە، هیوادارین عیراق ببینین بەدەوڵەتێکی دیموکراتی ئەوتۆ کە مافە فیدڕاڵییەکانو تەواوی مافە زەوتکراوەکانی مێژووییمان لەناو ئەم چوارچێوەیەدا بێتەدیو وردەوردە وای لێ بێ ئێمەش وەکو ئەڵمانیا، وەکو وڵاتەکانی تری فیدرال لەدنیادا ئاسودەبین، ئازادبین، خۆشگوزەران بین، بەڵام ئەگەر ئەمە نەیەتەدیو ئاڵوگۆڕ لەهاوکێشەکانی خۆرهەڵاتدا بێتەدی، بێگومان ئێمەش بەدیار (گۆدۆ)وە دانانیشین.

**- ١٦ -**

## هەلو راپرسی گشتی

*ئەگەر عیراقێکی دیموکراتی فیدراڵ باوەڕی بەفرەڕەنگیو فرەحزبیو فرەدەنگیو فرە نەتەوەیی هەبێت. هەموو فرەجۆراوجۆرەکانی کە لەژێر تایتڵی دیموکراسییدا کۆدەبنەوە، بەڵام ئێستا کورد هەموو هاووڵاتییەکی کورد لەگەڵا دروستبوونی دەوڵەتی



کوردیدایە، عیراق چەند دیموکراسی بێت، چەند کراوەبێت چەند فرەیی بێت، بەڵام کورد خەون دەبێنت بەوەی دەوڵەتی هەبێت.

**مەلا بەختیار**: راستە ئەوە گەر هەل رەخساو توانیمان راپرسییەکی گشتی لەکوردستاندا دەستەبەربکەین، پشتیوانییەکی جیهانی بۆ ئەم راپرسییە گشتییە هاتەپێشەوە، ئەوە مەسەلەیەکی ترە، بەڵام نە جارێ ئەو هەلە ڕەخساوە لەسەر ئاستی جیهانو نەلەئاستی ناوچەکەشو نەهێشتا سەرکردایەتی سیاسیی کوردستانیش قەناعەتی وایە ئەو هەلە هاتۆتە پێشەوە بۆ ئەو بڕیارە، ئەگەر ئێمە بڕیارێکی وا بدەین، لەوە دەترسین کە ئەمە سەرچڵی بێتو ئەوەی بنیاتیشمان ناوە تووشی کێشەی گەورە ببێتو لەدەستی بدەین، ئەوەی کە دەبێت بەدەستی بهێنین، لەهەلی گونجاوی خۆیدا دەبێت بەدەستی بهێنین. بەدڵنیاییەوە هەنگاوی مێژوویی بۆ ئامانجەکانی ترمان بنێین. نەك بە سۆزی نەتەوایەتی پەتی.

⋆لەم باردۆخە ناسکەدا کە ئەم وڵاتانەی پێدا تێپەڕدەبێت بۆچوونێك هەیە دەڵێت: هەموو میللەتان لەم وڵاتانەدا بەسەر هێلکەدا دەڕۆن، ئاگات لی نەبێت، دەشکێن، لێرەوە دەپرسن چەند پێویستە ئەم دابڕانەی ماڵی کورد لەنێوان هێزە سیاسییەکاندا نەهێڵێن‌و یەکڕیزیی‌و گوتارێکی نەوایەتییمان هەبێت بۆ هەموو هێزە سیاسییەکان لەهەرێمی کوردستاندا، کە تائێستا درك بەو وتارە نەکراوە؟

**مەلا بەختیار**: ئێمەو پارتی لەمە تیگەیشووین، ئەزموونێکی قووڵمان هەیە، قۆناغی جیاوازجیاوازمان بڕیووە، لەقۆناغێکدا دەرکمان بەقوڵایی ئەرکە هاوبەشەکانی یەکێتی‌و پارتی نەکردبێت، هەردوولامان زیانمان کردووە، لەدوای ئەوەی ئەزموونێکی زۆرمان وەرگرت‌و تێگەیشتن دەبێت لەناو پڕۆسەیەکی دورودرێژی مێژوویدا هاوپەیمانی ستراتیژیی بین، نەك لەهەڵبژاردندا، بگرە لەناو پڕۆسەیەکی دووورودرێژدا. ئێستا هاوپەیمانی ستراتیژین‌و لەوە تێگەیشتووین، هەندێك هێز هەیە هێشتا لەوە تێنەگەیشتووەو بەرنامەی جیاوازیی هەیە، ئەمە نابێت وا لەئێمە بکات دەستکاریی ئازادیی‌و پێشلی ئازادیی بکەین. ئازادیی



دەبێت لەجێگەی خۆی بێت‌و دەبێت بگەڕێن بەدوای ئەڵقە ئۆرگانکییەکانی چۆنێتی پێکەوەبەستنی ئەرکە هاوبەشەکانی یەکێتی‌و پارتی‌و باقی هێزەکانیش، لەناو چوارچێوەی ستراتیژێکی یەکگرتوودا، کە ئەمڕۆ بۆ کوردستان، عیراق، لەناوچەکەو بۆ هەموو هێزە سیاسییەکانی زەروورە. بۆ هەموو تاکێکی کورد بۆ کێشەی نەتەوەیی‌و دیموکراسی ئێجگار گرنگە، کە بەداخەوە هێشتا ئەڵقە ئۆرگانیکییەکانی نێوان یەکێتی‌و پارتی‌و ئۆپۆزسیۆن نەدۆزراتەوەو تەنها ئێمەش لێی بەرپرسیارنین.

**- ١٧ -**

## نێوان یەکێتی‌و پارتی

⋆ تەشەنوجێکی سیاسیی هەیە لەنێوان هەموو هێزە سیاسییەکاندا لەنێوان پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بزووتنەوەی گۆڕان، حزبە ئیسلامییەکان‌و حزبەکانی دیکە، لەم کاتەدا پێویست ناکات ئەم تەشەنوجە خاوبکرێتەوەو ئەم

سەهۆڵبەندا بێتوتێتەوە، چونکە مەترسیی گەورە وەکو بۆچوونەکان دەڵێن لەبەردەممانداییە؟

**مەلا بەختیار:** ئێمە تەشەنوجمان نییە لەگەڵ پارتی، مەبەستمان هەموو هێزە سیاسییەکانە، بێگومان یەکێتی لەگەڵ پارتی هاوپەیمانە، کۆکین لەسەر ئەو ستراتیژەی کە هەمانە، بەڵام ناکۆکیشمان هەیە، ئەمەش زۆر ئاساییە، خوێندنەوەی جیاوازیشمان هەیە دووبەرنامەو دوو پرۆگرامی جیاین. دوو پێکهاتەی سەرکردایەتیو دوو فەلسەفەی جیاین، ئێمە سۆشیال دیموکراتینو قولاییەکی جیهانیمان هەیە لەپاڵ زیاتر لە١٦٧حزبی سۆشیال دیموکراتو ئەندامی هەمیشەی سۆشیال دیموکراتین، ئەمەش هەم پابەندی ئایدیۆلۆژیو فەلسەفییە، هەم پشتیوانیەکی گەورەی جیهانیشە بۆ کێشەی نەتەوایەتیو دیموکراسیمان. بەڵام ئەمەمان نەکردۆتە کۆسپ لەبەردەم هاوپەیمانێتی ستراتیژیمان، بەڵکو ئەوەندەی شیاوە خستوومانەتە خزمەتی هاوپەیمانییە ستراتیژییەکەمانەوە، لەگەڵ لایەنەکانی تر بەڵێ لەگەڵ گۆڕان تائێستا کێشەمان هەیە. ئەگەرچی وەکو دوو سێ ساڵ لەمەوبەر نییە، لەگەڵ هێزە ئیسلامییەکان



کێشەمان هەیە ئەگەرچی هێزە ئیسلامییەکان پۆلێنیان دەکەین. جیاوازییمان هەیە لەنێوان هێزە ئیسلامییەکان بەو جۆرەی دەڕوانینە یەکگرتوو، بەهەمان جۆر ناڕوانینە کۆمەڵی ئیسلامی، بەو جۆرەی دەڕوانینە کۆمەڵی ئیسلامی، بەوجۆرە ناڕوانینە بزووتنەوەی ئیسلامی، یان بەو جۆرە ناڕوانینە ژینگەی ئایینی لەکوردستان. ڕێزێکی گەورە لەئایین دەگرین، ئازادیی ئایین لەلای ئێمە پیرۆزە، دەستدرێژیی بۆ سەر موقەدەساتی ئایین بەهیچ شێوەیەك قابیلی قبوول نییە، دژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دژی پارتی، هەر هێزێکی ئیسلامی جۆرێك لەپڕوپاگرندەی ناڕاست لەسەر ئێمەو لەسەر پارتیو بەرپرسانی هەردوولامان بلاوبکاتەوە، کە بەجۆرێك بێت نەسازێت لەگەڵ قەناعەتی ئێمەدا. ئەوە ئێمە نین، حساباتی ورد بۆ ئەم شتانە دەکەین.

- ١٨ -

## گوتاری نەتەوەیی

★ لەقۆناغی ئایندەدا گوتارێکی نەتەوەیی زەرووره تا هێزەکان کۆبکاتەوە..

**مەلا بەختیار:** زۆریش زەرووره گوتاری نەتەوەیی موتوربە بەبنەماکانی دیموکراسیی و ئازادییو لۆژیکەکانی ئەم سەردەمە، مافی مرۆڤ، سیستمێکی عەلمانی، ژیانێکی مۆدێرن بکەین، ئەمانە هەمووی سیستمێکی فیکریی فەلسەفی ئایدیۆلۆژیی سیاسی نەتەوەیی، دەوڵەت بەڕێوەبردنی چارەنووسازن سەبارەت بەکێشەی دیموکراسیمان لە ڕۆژهەڵاتدا.

★ ناکرێت ئەو خیلافە بچووکانە لەپێناو مەسەلە گەورەکەدا کە مەسەلەی نەتەوەیی کوردە وەلا بنێین لەم کاتەدا؟

**مەلا بەختیار:** دەکرێتو دەبێت واش بکەین، سەبارەت بەئێمەو پارتی ئامادەین، کۆبوونەوەی پێنج قۆڵی هەبوو، جاران ئۆپۆزسیۆن پرۆژەی هەبوو، ئێمە



پرۆژەمان هەبوو، ئێستا ئێمە زۆرتر باسی پرۆژەکەی خۆمان دەکەین کەمتر ئۆپۆزسیۆن باسی پرۆژەکەی دەکات، ئۆپۆزسیۆن ئێستا هەریەکەو بە ئاراستەیەکی جیاواز قسە لەسەر ئۆپۆزسیۆنبوونی خۆیو حساب بۆ هەڵبژاردنی ئایندەی دەکات. ئێستاش مەکتەبی سیاسیی هەردوولا وتومانە ئامادەی دیالۆگی بەرپرسیارانەین لەگەڵ هەموو لایەك، بۆئەوەی ئەو چواچێوەی ستراتیژیی نەتەوەو دیموکراسییەی کە پێویستە لەسەری ڕێکبکەوین ئامادەین، لەحوکمدا ئامادەین، لەپەرلەماندا ئامادەین، لەدامودەزگاکاندا ئامادەین، لەسیاسەتدا ئامادەین، لەبەغدا ئامادەین لەناوچەکەش ئامادەین، بەڵام هەستدەکەین ئەو کەشە سیاسییەی لەخۆرهەڵاتدا دروست بووە بەشێوەیەك لەشێوەکان هاندەرە بۆ هەندێك تەرحی سیاسیو داخوازی ناڕەزاییو ڕەخنەو قووڵکردنەوەی ناکۆکییەکان لەنێوان هەندێك لەهێزە ئیسلامییەکانو حکومەتی کوردستانو یەکێتیو پارتی، ئەمە هەستی پێدەکەینو هیوادارین ئەمە تەنها تەکتیکێك بێت بۆئەوەی ئەوانیش کاریگەریی تۆزێك زیاتر لەسەر خەڵك بکەنو حساب بۆ ئینتیخابات بکەن، ئەگەر لەوە بترازێتو ئەم ڕووداوانەی لەخۆرهەڵاتدا هەیە وەکو

١٧شوبات بەهەڵەیاندا بەرێت‌و پێانوابێت ئەم رووداوانە دەرفەتیان بۆ دەرەخسێنێت، ببن بەئەڵتەرناتیڤی ئەم حکومەتەی ئێمەو ببن بەئەڵتەرناتیڤی یەکێتی‌و پارتی، بەم شێوە ململانێ نەگونجاوە، بەتایبەتی هێزە ئیسلامییەکان پێانوابێت دەتوانن کوردستان بکەنە میسرو لیبیا، هەڵەیەکی خراپ دەکەین‌و کاریگەریی خراپی بۆسەر هەمووومان دەبێت بەتایبەتی بۆسەر خۆیان دەبێت.

## - ١٩ -

## رەخنەو رێکەوتنی ستراتیژی

★ئەگەر بێینە سەر لایەنێکی گرنگ، ئێستا بۆچوونێک‌و کۆمەڵێک رەخنە چ لەناو کادرانی پارتی دیموکراتی کوردستان‌و چ لەنێو کادرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا هەیە لەسەر مەسەلەی رێککەوتننامەی ستراتیژیی کە بۆچوونێک هەیە دەڵێت: پێویستە ئەم رێککەوتننامەیە گۆڕانکاریی تیابکرێت‌و دەستکاریی بکرێت کە بەکەڵکی ئەم



بارودۆخە بێت، ئەم بۆچوونانە چەندە بەهەند وەرگیراوە؟

**مەلا بەختیار:** دەمێکە ئەم قسانە دەبیستین، ئەوە شتێکی نوێ نییە، ئەم قسانە چەند مانگێک لەدوای رێککەوتننامەکەوە کە بڵاوکرایەوە لەرۆژنامەکانەوە، دەبیستین، بەڵام یەک نووسەر یەک حزبی سیاسی لەبەرامبەر ئەو رێککەوتننامەیەدا پرۆژەیەکی رەخنەگرانەی نەنووسیووە تا بیخوێنینەوەو بیزانین لەکوێ کەموکوڕی هەیەو لەکوێ چاکی بکەین‌و لەکوێ بیگۆڕین، هەرکەسێک دەڵێت ئەم کەموکوڕییە هەیە، یان زیانی هەیە بۆ پرۆسەی دیموکراسی، یاخود زیانی هەیە بۆ دەستەبەری سەرکەوتنەکان‌و ململانێ سیاسییەکان لەعێراقدا، یان لەناوچەکەدا، بابێت گفتوگۆی لەسەر بکەین، یان یادداشتمان بۆ بنووسن تا بیری لێبکەینەوەو بزانین یەکێتی‌و پارتی هەردوولامان دەتوانین لەبەر رۆشنایی ئەو رەخنانەو تێبینی‌و بێشنیازانە ئاڵوگۆڕێک بەسەر رێککەوتنەکەدا دژوارە بهێنین؟ قسە دەربڕینی گشتی، لەبەر ململانێی سیاسی ناچێتە چوارچێوەی رەخنەی بابەتییەوە. ئەم رێککەوتنە کارێکی گەورەیە، بەقسەی لابەلا رێککەوتنی

ستراتیژیی دەستکاری ناکرێت، بەمشتومڕی بابەتیو زانستیو پەرۆشیی بۆ نەتەوەو دیموکراسی دەشێت قسە لەسەر ئەو مەسەلەیە بکەین.

★ لەئایندەدا بەهەمان شێوەی ڕێککەوتننامەی ستراتیژیی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستاندا هەیە، یەکێتیی نیشتمانیی هەوڵنادات ڕێککەوتننامەی هاوشێوەی ڕێککەوتننامەی ستراتیژییو ڕێککەوتننامەی سیاسیو ڕێککەوتننامەی کاتیی لەپێناو مەسەلە نەتەوەییەکاندا لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی تردا هەبێت؟

**مەلا بەختیار**: هەموو ڕێککەوتنێك قابیلی جێبەجێکردنە لەنێوان ئێمەو لایەنەکان، لەنێوان پارتیو لایەنەکان، بەڵام نەك لەسەر حسابی ڕێککەوتننامەی ستراتیژیی هەردوولامان، چونکە پێمانوایە پارتیو یەکێتی ڕێککەوتنەکەیان دەستبەرێکی گەورەی هەمە لایەنەیە، ئەگەر ڕێککەوتنە ستراتیژییەکەی دەویسترێ کۆسپ لەبەردەم ڕێککەوتنە ستراتیژییەکە لانەبات، نەئێمەو نەپارتیش ناکرێت هیچ ڕێککەوتنێك بکەین کە ببێتە کۆسپ



لەبەردەم ڕێککەوتننامە ستراتیژییەکەدا، بەپێچەوانەوە پێمانوایە پارتی لەگەڵ هەرلایەك یان ئێمە لەگەڵ هەر لایەکیتر ڕێکبکەوین، بۆ ئەوەیە کە بازنەی لەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتییە نەتەوایەتیو دیموکراسیەکە فراوانترو جوانتر بکەین، کێشەو گرفتەکانیش کەم بکەینەوە.

- ٢٠ -

## یەکێتیو بزوتنەوەی گۆڕان

★ پەیوەندییەکان ئاستی پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو حزبەکانی دیکەو بەتایبەتی بزووتنەوەی گۆڕانو کۆمەڵی ئیسلامیو یەکگرتووی ئیسلامی لەچ ئاستێکدایە؟

**مەلا بەختیار**: ئێستا لەپارو پێرارو بەسر پێرارمان باشترە، پێش هەموو شتێك ئێمەو گۆڕان پەیوەندییەکانمان باشترەو نەرمییەك کەوتۆتە نێوانمانەوە، جۆرێك لەگفتوگۆ لەنێوانماندا هەیە لەسەر کێشەیەك کە دێتە پێشەوە تەلەفون بۆ یەکتر

دەکەین‌و چارەسەری دەکەین، کۆمەڵێك کێشە هەبوو لەمەوبەر بەشێکیمان کۆتایی پێهێناوەو هیواو ئاسۆی پەیوەندییەکانمان لەئایندەدا وادەخوێندرێتەوە ساماڵتر دەبێت‌و بەرەو پێشەوە دەڕوات، بەرەو دواوە ناڕوات، لەگەڵ پارتی بەهەمان شێوە کە ئەو کێشانە نەتەقیبوونەوە، ئەوە بەڕاستی بەهەمان شێوە بوو، جەنابی کاك مەسعود جەنابی کاك نەوشیروان-ی بینی‌و هەم بەڕێز سەلاحەدین بەهادین- ی بینی‌و بەڕێز مامۆستا عەلی باپیر- ی بینی، خەڵکانی دیکەشی بینی، لەکۆبوونەوە لەگەڵ پارتی‌و لەکۆبوونەوە بەئاشکرا وتمان پێمانخۆشە هەڤاڵانی پارتی لەگەڵ گۆڕان تەنانەت بیگەینینە ڕێککەوتنی دووقۆڵیش لەنێوان خۆتانداو بەمە هاوپەیمانییە ستراتیژییەکەشمان بەهێز دەبێت‌و ئێمەش ئەگەر بکرێت لەگەڵ گۆڕان بگەین بەجۆرێك لەڕێککەوتن بەوە هاوپەیمانییەتێکە بەهێزدەبێت، واتا پەیوەندییەکەمان ئێستا وەکو جاران نییەو ئومێدی باشتری لێدەکرێت.



★ ئەمە بزوتنەوەی گۆڕان، ئەی پەیوەندیی لەگەڵ یەکگرتووی ئیسلامی‌و کۆمەڵی ئیسلامیدا؟

**مەلا بەختیار:** لەراستیدا هەستدەکەین‌و بەڕاشکاوی دەیڵێین: یەکگرتووی ئیسلامی سیاسەتی ئێستایان وەکو پار نییە، یان وەکو پێرار نییە، هەستدەکەین سیاسەتی یەکگرتوو روو لەهەڵکشانە بەمانای ناڕەزایی زیاتر، رەخنەی زیاتر، نزیکبوونەوەی کەمتر، ئەمە لای خۆمانەوە وا لێکیدەدەینەوە کە ئەم سیاسەتە تەنها پەیوەندیی بەخۆیانەوە نییە، بەڵکو پەیوەندیی بەو فەزا سیاسییەوە هەیە کە لەناوچەکەدا روویداوە، بێگومان دەزانین برایانی یەکگرتوو پەیوەندییەکی توندتۆڵیان لەگەڵ ئیخوان موسلیمینەوە هەیە، ٢٩ی مانگ وەفدێکی گەورەی یەکگرتوو لەقاهیرە بووەو کۆبوونەوەیان هەبووە لەگەڵ ئیخوان موسلمینەکان‌و لەگەڵ خەڵکی تریش قسەو باسیشیان هەمووی لەسەر ئەو مەسەلەیە بووە، کە لەخۆرهەڵاتداو لەعیراق‌و کوردستاندا چی روویدات، ئەم سیاسەتی هەڵکشانی فشارە لەسەر حسابی نزیکایەتی‌و چارەسەرکردنی کێشەکان، بەش بەحاڵی خۆمان بەهەڵەی دەبینین.

## توركیاو ئێرانو ڕۆژهەڵات

★ لەم مەسەلانەی تایبەت بەهەرێمی کوردستاندا وەستاوە بەتایبەتی لەئێستادا تورکیا وەك لەتەوەری یەکەمی بەرنامەکەدا ئاماژەمان پێدا، تورکیا دەیەوێت ڕۆڵی سەرکردەیی ئەم وڵاتانە بینێتو دەیەوێت ڕۆڵی کاریگەری هەبێت لەو گۆڕانکارییانەی لەم وڵاتانەدا ڕوودەدەن؟

**مەلا بەختیار**: من نازانم تورکیا دەیەوێت یان دەتوانێت ببێت بەسەرکردەی ئەم وڵاتانە یان نا، بەڵام ئەوە دەزانم تورکیا نایەوێت جارێکی دیکە وەکو دەوڵەتێکی گەورەی ڕۆژهەڵات، بەڵام کەم کاریگەریی بێت لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەمە حەقی خۆیەتی، دووەم لەدوای ڕووداوەکانی سوریاو ڕاپەرینی خەڵکی سوریاوە، وردەوردە تورکیا هەڵوێستێکی لێبڕاوانەی هەبوو بەرامبەر سیستمی سوریاو حکومەتی سوریا لەپشتیوانیکردنی گەلانی سوریادا، بەکوردو عەرەبو مەسیحیو خەڵکی تریشەوە. بێگومان ئەمە حساباتی



ئیقلیمیو بەڵکو فراوانتریشی هەیە، بەڕاستی ئاسایشی ناوچەکە، سیاسەتی ناوچەکە، سیاسەتی خۆرهەڵات، سیاسەتی دەریای سپی ناوەڕاستو ڕێگە دەریاییەکانی ئاوی گەرم کە لەدەریاکانی تورکیاوە دەست پێدەکات هەتا لەنۆکەندی سوێسەوە تێدەپەڕێت. هەتا ئاوێتەدەبێ بە دەریاکانو ئۆقیانووسەکان. ئەمە ئێستا کەوتۆتە ناو هاوکێشە سیاسییەکانی خۆرئاواو دەوڵەتانی کەنداو، عیراق، سوریا، ئێران، تورکیاو تەنانەت وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاستیش، لەبەرئەوە تورکیا لەم نێوانەدایەو لەلایەکەوە بەشێکی کەمی لەئەوروپایەو دەیەوێت لەگەڵ ئەوروپادا ڕێکبکەوێت، لەولاوەش زۆربەی لەخۆرهەڵاتدایەو دەوڵەتێکی ئیسلامییەو حزبی دادو گەشەپێدان تێیدا فەرمانڕەوایەو لەو وڵاتەدا براوەیە، ئەمە مەسەلەیەکی زۆر گرنگەو بەڕاستی دەبێت حسابی بۆ بکرێت، ئەم دەوڵەتانە هەریەکەیان حسابی وردو هەمەلایەنە بۆ ئایشی ستراتیژییو ئابووریی خۆشیان دەکەن، لەم هاوکێشانەدا ئەگەرو مەترسیو لێکەوتەی جۆراوجۆریشی لێدەکەوێتەوە لەئایندەدا. بەتایبەت لە ناوچەکەدا، بەشێوەیەکی تر، ساڵهایە بەهۆی ئێرانو زیادبونی شیعەوە، دەسەڵاتی شیعەش لەعێراقدا،

ناكۆكی ستراتیژیەكانی ناوچەكە، ئاڕاستەو ڕەهەندی مەزهەبی قوڵیشیان پەیداكردووە.

## - ٢٢ -

## شەڕ یان خۆ لادان لە شەڕ ؟!

★ بۆچوونێك هەیە دەڵێت: شەڕێك لەبەردەمی كورددایە، دەبێت بیكات، شەڕێك لەنێوان كوردو توركماندا، بەتایبەتی ئێستا زانیارییەك بڵاوبۆتەوە كە بەرەی توركمانی هەوڵدەدات هێزێكی تایبەت بەخۆی هەبێت، وەك چۆن لەهەرێمی كوردستاندا هێزی پێشمەرگە هەیەو عەرەب بەشیعەو سونەوە لەدوای ئەوەی لەسوریا ڕوودەدات، لەسوریا گۆڕانكاریی بەسەردابێت. ئەگەر بڕوانن شەڕ ئەگەرێكی كراوەیە پێتان وانییە ئەو شەڕە ڕووبدات یان ئەو شەڕە لەبەردەمی كورددا وەستاوە؟

**مەلا بەختیار:** هەموو ناوچەكە لەبەردەمی تەقینەوەی كێشەكاندایە، ئایا شەڕی گەورە دەبێت؟ ئایا شەڕی بچووك دەبێت؟ ئایا كێشەكان قووڵدەبنەوەو



لێكدابڕانەكان لەنێوان دەوڵەتەكانو میللەتەكاندا دەبێت؟ ئەمانە هەمووی ئەگەری جیاواز جیاوازن، یاخود ئایا بەراستی ئیخوان موسلمینەكان كە هاتنە سەر حوكم لەگەڵ توركیا چ هاوپەیمانییەك دەبەستن؟ ئایا ئێران، حزبوڵڵا، عەلەوییەكان، شیعەكانی عیراق، حوسییەكانی یەمەن، شیعەكانی سعودیەو شیعەكانی بەحرین، لەگەڵ هێزەكانی تردا ئەمان چ میحوەرێك دروستدەكەن لەبەینی خۆیاندا؟ ئەمانە هەمووی پرسیارن هەمووی ئەگەرن، كەواتە دەبێت حسابات بۆ ئەوانە بكەین، بەشبەحاڵی خۆمان لەعیراقدا لەناو كەركوك لەگەڵ توركمان لەگەڵ مەسحیی، لەگەڵ ئێران، لەگەڵ سوریا، دەمانەوێت بەشێكبین لەچارەسەرو هەرگیز نامانەوێت بكەوینە ناو دوو دەوڵەتەوەو ناشمانەوێت لەبەر ئەوەی نەتەوەكەمان لێرەو لەوێ چەوساوەتەوە، پاڵ بەدەوڵەتانەوە بنێین، یان ڕۆڵێكی نالەبار ببینین بۆ قوڵبوونەوەی كێشەكان، تا ئێرە هاوسەنگیی دۆخەكە لەبەرچاودەگرینو بەرژەوەندیی هاوبەشی هەموولایەك لەبەرچاو دەگرێتو هەوڵیش دەدەین كە بەڕاستی نەكەوینە ناو ئەو كێشانەی كە كێشەی ئێمە نینو ئەگەرهاتو میللەتێك یان لایەك وسیتی شەڕمان پێ بفرۆشێت وەكو وتم: دەستمان

لەگیرفانماندا نییە، بەرەی تورکمانیش ئێستا گفتوگۆمان هەیە لەگەڵیان، ماوەیەکە پەیوەندیی سیاسیمان لەگەڵ بەرەی تورکمانی باشترە لەجاران، ئێستا یەکێك لەسەرکردەکانی بەرەی تورکمانی، سەرۆکی ئەنجومەنی پاریزگای کەرکوکە. دەیبیستین کە ئەوان دەیانەوێت میلیشا دروست بکەن،. بێگومان بەرەی تورکمانی لەوە تێئەگات میلیشایەکی (١٠٠) کەسی یا (٢٠٠-٣٠٠) کەسی خاتریان دەگرم تا هەزار کەیش نەخێر تا (٤هەزار) کەسیش بەملیشیایەکی (٤هەزار) کەسیشەوە ناتوانن کورد ببەزێنێتو ئێمە کە تەحەمولی هەموو کێشەکانی کەرکوكو ناوچە کێشە لەسەرەکان دەکەین، لەبەرئەوە نییە میلشیا هەیە یان نییە، لەبەرئەوە نییە لەملیشیا دەترسین. کە لەکۆتایی مانگی شوباتدا تیرۆریستەکان هەڕەشەیان لەکەرکوك کردو حەویجەیان داگیرکردو ویستیان زەحف بکەن بەرەو کەرکوك، کە زانیمان عیراق پێی چارەسەرناکرێتو ئەمریکا تەماشاکەرە، هەزاران پێشمەرگەمان بردە ناو کەرکوك لەماوەی (٢٤) سەعاتدا کۆنترۆڵمان کرد، ئەگەر بێینە سەر ئەوەی شەڕمان بەملیشا پێبفرۆشنو شەڕ بەردەرگامان پێبگرێت، بێگومان دەستەوستان ناوەستین، بەلاَم ئێمە ئەو



مەترسییەمان نییەو لەڕاستیدا پێمانوایە برایانی بەرەی تورکمانی ئەوانیش کەم ئەزموونێك لەخۆیان وەرەگرنو تێدەگەن بەمیلشیا ئەگەر بیانەوێت شەڕ بەکورد بفرۆشن چەند زەرەریانەو بێگومان نامانەوێت ئەوان زەرەربکەن بەڵکو دەمانەوێت بەچارەسەری سیاسی بەدابێکردنی مافەکانیان، بەکۆتایی هێنان بەکێشەکان، بەرەی تورکمانی دۆستایەتییەکی فراوانترتیشان لەگەڵ بکەین.

- ٢٣ -

## پەندەکانی ١٧/ ی شوبات

★ بێنەوە سەر هەرێمی کوردستان، بەڕێزت تەئکیدت لەسەر بەکرپزیی گوتاری سیاسیو نەتەوەیی کردەوە لەم کاتەدا، بەلاَم لەسەرەتادا لەساڵی (٢٠١١)دا کۆمەڵێك گرژیی سیاسی لە(١٧) شوباتدا لەنێوان هێزە سیاسییەکاندا دروستبوو کە هەندێك کەس لای وایە ئەمە کەلێنێکبوو کەوتنە نێوان هێزە سیاسییەکانەوەو دواتریش ئەم ڕووداوانەی بادنیانو سوتاندنی بارەگاکانی یەکگرتوو و هەروەها سوتاندنی دوکانی

مەیفرۆشیو مەساجەکان، ئەم گرژییە سیاسییانە کە ڕوویدا لەهەرێمی کوردستان لەم کاتەدا زیان ناگەیەنێت بەکێشەیەك کە ناوی کێشەی ڕەوای گەلی کوردە؟

<u>**مەلا بەختیار**</u>: بەقەدەر خۆی بەڵێ. لەراستیدا چاوەڕوانمان نەدەکرد لەزاخۆ ئەم ڕووداوانە ڕووبدەن، کێ ئەمەی کردووە؟ چ لایەنێك بەرپرسیارێتی هەڵکوتانەسەر مەساجو مەیفرۆشتنو ئێزدیو مەسیحی هەیە، لێکۆڵینەوە دەریدەخات کە هەرلایەنێك بێت، دەبێت سزابدرێتو لەبەرامبەر ئەو تاوانەشدا، تاوانی هەڵکوتانەسەر بارەگاکانی یەکگرتوو هەر کەسێکبێت دەبێت سزا بدرێتو هەر گروپێك بێت دەبێت سزا بدرێت، من خۆم دڵنیام نەهەڵکوتانە سەر مەساجو مەیفرۆشەکان بەبڕیاری یەکگرتوو کراوە، کە یەکگرتوو خراوەتە رووکاری ڕووداوەکانەوە، دڵنیاشم سەرکردایەتیی پارتی بڕیاری هەڵکوتانە سەر بارەگاکانی یەکگرتووی نەداوە، یەکگرتوو تۆزێك پەلەی کرد لەحوکمداناداو پەلەی کرد لەهەڵوێستی توندا. ئەمە ڕووداوێکەو ڕوویداوە، ئەمە چ پێویست دەکات ئەمانە پێنج شەش ئەندامی مەکتەبی سیاسییان پەیتا



پەیتا بێنە سەر تەلەفزیۆنو ئەوەندە مناقەشە لەسەر ئەم مەسەلەیە بکەن. ئەمە کاریگەریی لەرێوشوێنی لێکۆڵینەوە دەکات بەشێوەیەك لەشێوەکانو خەڵکەکەشمان پێتاقەت دەبێت، لەسەر کێشەیەك لەکێشەکان کە قابیلی چارەسەرە، ناخۆشە، کە بینمان بارەگاکانی یەکگرتوو دەسوتێت، راچڵەکین. بەڵام بەو مانایە نییە هەموو کوردستان دووچاری کێشەی گەورەو ئاڵۆزییو بەرەو تونێلێك بەریت کە ئەودیوی دیارنەبێتو نەتوانیت بێیتە دواوە، بەڕاستی داوای ئەوە دەکەین برایانی یەکگرتوو ئارامبنو داواش دەکەین برادەرانی پارتی حەکیمانەترو مەسئولانەتر بێنە پێشەوە بۆ ئەو مەسەلەیە. بەداخەوە ئەو کۆبوونەوەیەی ئەو رۆژە چاوەڕێی مژدەیەکی خۆشمان لێدەکردو هەموومان چاوەڕێی ئەنجامدانی کۆبوونەوەکە بووین، لەپڕ برادەرانی یەکگرتوو نەچوونە کۆبوونەوەکە، مەکتەبی سیاسیی پارتی لەئاستێکی بەرز هاتبوون بۆ کۆبوونەوەکە، ئەو ئاستەش واتا جدیەتی چارەسەرکردنی کێشەکانی لەلایەن پارەتییەوە دەگەیاند، بەڵام بەداخەوە بایکۆتکردنی کۆبوونەوەکە کارێکی سیاسیی نەبوو.

★كەواتە بەڕێزت وەكو لێپرسراوی دەستەی كارگێڕیی مەكتەبی سیاسی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان پێتوایە كە یەكێتی لەگەڵ ئاشتەواییەكی كۆمەڵایەتیو سیاسیدایە؟

**مەلا بەختیار**: بەڵێ

★ بەجدیو بەپراكتیكی هەنگاوی بۆ ناوە كە ئەم ئاشتەواییە لەهەرێمی كوردستاندا بێتەدی؟

**مەلا بەختیار**: بێگومان لەو كۆبوونەوەیەی كە جەنابی سەرۆكی هەرێم لەگەڵ هەموو هێزە سیاسییەكاندا كردی، ئۆپۆزسیۆن بایكۆتی كرد، ئێمە لەوێ زۆر بەڕاشكاویی قسەی خۆمان كرد لەگەڵ جەنابی سەرۆكی هەرێمو پێمانوت: دەبێت تەعقیب بكرێتو دەبێت سزابدرێت بەو كەسانەی ئەو كارەیان كردووەو لەوێش وتمان، یەكگرتوو بەبەرپرسیار نازانین لەو ڕووداوەو ئەمە ڕەوتێكی توندڕەوە لەكوردستان خەریكە نەشمونما دەكات، بەراستی ڕێگەم بدەیت ئەوەش باسبكەم، ڕەوتێكی توندڕەو و ترسناك كە ئیسلام لەوەدا دەبینێت ئازادیی كاسبی وەكو



مەیفرۆشتن لەدرێژ زەمانەوە، تەنانەت لە زەمانی خەلیفەكانیشەوە، دیاردەیەكە لەدیاردەكان كە ئەو قبوولی نییەو دەبێت بسوتێنێت، لەكاتێكدا لێرە هەموو هێزە ئیسلامییەكان دەڵێن ئەگەر سەركەوین ئەزموونێكی وەكو توركیای حزبی دادو گەشەپێدان دووبارە دەكەینەوە، لەتوركیا مەساج خانە نییە؟ مەیخانە نییە؟و زۆر شوێنی تری سەیروسەمەرە نییە؟ سەر دەریا نییە؟ هەڵپەڕكێ نییە؟ گۆرانی نییە؟ هەزاران شانۆ نییە؟ ئەرێ حزبی دادو گەشەپێدان كامیانی داخستووە؟ هیچیانی دانەخستووە، لەبەرئەوە بەڕاستی ئەمانەی كە ئەم كارەدەكەن ئاشتیی كۆمەڵایەتی تێكدەدەنو ئاڵۆزیی دەخەنە پەیوەندییە سیاسییەكانەوەو دامودەزگاكانی حكومەتیش ناچاری گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاساییو ئسولی دەكەن، وای لێدەكەن ڕێوشوێنی توند بگرێتەبەر، ئەگەر ئەمە ڕێبازێكەو ڕەوتێكی سەلەفیی توندڕەوی مەترسیدار خەریكە بخەملێت، بەهیچ شێوەیەك نابێت ڕێگەیان پێبدرێت.

★ بەڕێزت زۆر تەئکید لەوە دەکەنەوە کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەك حزبێکی سیاسیو خاوەن پێگە لەهەرێمی کوردستاندا لەگەڵ نزیکبوونەوەدایە لەهێزە سیاسییەکانو لەگەڵ هاوپەیمانییەکدایە لەگەڵ هێزە سیاسییەکاندا، بەڵام بۆچوونێك هەیە دەڵێت: هەندێك لەسەرکردایەتیی ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕێگرن لەم نزیکبوونەوەیە، نزیکبوونەوەی هێزە سیاسییەکان بەتایبەت لەیەکێتی؟

**مەلا بەختیار:** یەك کەس شك نابەم، نەك هەندێك کەسێکی سەرکردایەتی، نە لەخوشکانو نە لەبرایان شك نابەم پێی ناخۆشبێت پەیوەندیی یەکێتی لەگەڵ لایەنەکاندا ناخۆشبێت بەگۆڕانیشەوە، یەك کەسیش شك نابەم، لەبەرئەوە ئەو پڕوپاگەندانە پڕوپاگەندەی ناحەزەکانن بەرامبەر بەیەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.



## ـ ٢٤ ـ

## ئاواتی ئاینده

★ وەك بەرپرسێك نا، وەك سیاسەتمەدارێك نا، بەڵکو وەك ڕووناکبیرێك ئاواتت چییە بۆ ساڵی ٢٠١٢؟

**مەلا بەختیار:** پێش ئەوەی هەر شتێك بڵێم، پێویستە بڵێم: ئێستا پڕوپاگەندە زۆرە کە هێزە ئیسلامگەراکان لەوڵاتانی عەرەبیو گوایە لای ئێمە دەیانەوێت هەمان ئەزموونی تورکیا دووبارە بکەنەوە، من دەمەوێت ئەوە ڕوون بکەمەوە کە ئەمە بەراوردێکی هەڵەیە، تورکیا وڵاتێکە لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانەوە، بناغەی بۆ سیستەمی عەلمانی داناوەو کەموکوڕیی تێدایە، تورکیا وڵاتیکە لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانەوە هەتا هاتووە ئازادیی لەو وڵاتەدا هەیەو دەستووری هەمیشەیی هەیەو حزبی دادو گەشەپێدان بەئیستحقاقی خۆی بردوێتیەوەو بەهەموو هەوڵو تەقەلایەکی خۆی ناتوانێت ٣ بەندی دەستوری ئەو وڵاتە بگۆڕێت، ئێستا لەسەر دەستوورەکە دەڕواتو بەپێی دەستورەکەش سەردەکەونو دادەبەزن،

ئەوەی حزبی دادو گەشەپێدان کردوێتی، چاککردنی باری ئابوریی‌و گوزەرانی خەڵکەو چارەسەرکردنی قەیرانی دارایی تورکیایە، لەسەر ئەمە ئیشی کردووەو زۆرینەی دەنگی بەدەستهێناوە، حزبی دادو گەشەپێدان ئەگەر بێت‌و دەستکاریی دەستوور بکات‌و بناغەکانی عەلمانییەت لەتورکیاو بناغەکانی ئازادیی‌و دیموکراسی بگۆڕێت، بەدڵنیاییەوە دووچاری کێشەیەك دەبێتەوە ئەمسەری هەیە بەڵام ئەو سەری نابێتەوە، لەوڵاتانی عەرەبی ئەمە ناکرێت، بۆیە ناشکرێت تورکیا بەراورد بکەین بەوڵاتانی عەرەبی، چونکە لەو وڵاتە عەرەبییانەدا ئەو بناغەیە نییە، ئەو دەستوورە نییە، ئەو کلتورە نییە، ئەو ئازادییە نییە، ئەو دیموکراسییەش نییە، بەپێچەوانەوە ئێستا ئەوەی دەیخوێنێتەوە لەلێدوانی حزبە ئیسلامییەکاندا، بەشێکیان قسەی خەتەرناك دەکەن‌و هەیە دەڵێن: دەبێت نەجیب مەحفوز نەمێنێت، ئەمە لەکاتێکدا نەجیب مەحفوز هێندەی هەرەمەکانی میسر بۆ کلتوری عەرەبی گرنگە.

دێمەوە سەر ئاواتی خۆم، من بەش بە حاڵی خۆم هیچ ئاواتێکی شەخسیم نییە، ئاواتم ئەوەیە دیموکراسی لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بەرقەرابێت‌و



مرۆڤ گەوهەری ئینسانی بۆ بگەڕێتەوە، گەلان بەمافی چارەنووسی خۆیان بگەن، عەدالەتی کۆمەڵایەتی بەدیبێت، مافی مرۆڤ بپارێزرێت، یاسا سەروەربێت، کۆمەڵی مەدەنی بەدیبێت‌و هیچ لایەك چەند ئازادە، تەجاوز نەکات بۆ ئازادیی لایەنێکی دیکەو هیچ لایەکیش هەژموون‌و ئایدۆلۆژیای سەراپایی خۆی نەسەپێنێت بەسەر لایەکەی دیکەدا. بەش بەحاڵی خۆم لەپێناوی ئەو ئامانجانە تێدەکۆشم.

## بلاَوكراوەكانی ئەكادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی كادیران

## ساڵی (٢٠١١ – ٢٠١٢)

| ز | بڵاوکراوەکان | نووسەرو وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|
| ٣٦٥ | پێگـەی میـدیا لەهەڵبـژاردنی سـەرۆكایەتی ئـەمریكادا ،ژ. ز، (١٢) | رێبین حەسەن | ٢٠١١ |
| ٣٦٦ | مميزات النظام الفدرالي في العراق (ژ. ز. ١٣) | د. شورش حسن عمر | ٢٠١١ |
| ٣٦٧ | جیهانگیری ، فاكتەرو گرفتەكانی دیموكراسی، ژ، ز، (١٤) | مەلا بەختیار | ٢٠١١ |
| ٣٦٨ | پەیدابونی عەلمانیەت لەتوركیای عوسمانیدا، ژ. ز. (١٥) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٣٦٩ | ئیـسلامو مۆدێرنـە، ئیـسلام لەبەردەم ئەگەری عەلمانیەتدا(ژ. ز. هۆشیاری (١٦) | ن. محمد رەزا شالگونی و. عوسمـان حەسـەن شاكر | ٢٠١١ |
| ٣٧٠ | سیاسـەتی روسـیای قەیـسەری بەرامبەر بەكورد (١٨٥٠-١٩١٤) | هەستیار كەمال كوردی | ٢٠١١ |
| ٣٧١ | المحطات، اثرت في حياة الكـورد وحركاتهم القومية | بقلـم: عبـدالرزاق محمود القيسي | ٢٠١١ |
| ٣٧٢ | كورتە باسێكی فەلسەفەی سیاسی | ن. دەیڤد میلەر و. لەئینگلیزیەوە: كارزان كاوسێن | ٢٠١١ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٧٣ | هەواڵنامەی كوردستانی عیراق | ئامادەكردنی : نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٧٤ | ئاغاو شێخو دەوڵەت بەرگی دووەم | ن. مارتین ڤان برونەسن و. لەئەڵمانیەوە: د. كوردۆ عەلی | ٢٠١١ |
| ٣٧٥ | تاريخ الفكر الكردي | مامۆستا جعفر ترجمة: د. بندر علي | ٢٠١١ |
| ٣٧٦ | رۆژنامەنووسـی كـوردی لـە كوردسـتانی عیراقـدا (١٩٩١-٢٠٠٥) | هەڵـەت خەسـرەو هەمەوەندی | ٢٠١١ |
| ٣٧٧ | مـافی چـارەی خۆنووسـین لەئەدەبیاتی (ی. ن. ك)دا (١٩٧٥-١٩٩٢) | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٧٨ | سیاسـەتی گـۆڕینی رووخـساری نەتەوەیی ناوچەی كـەركوك - ژ. ز. هۆشاری (١٧) | د. نوری تاڵەبانی | ٢٠١١ |
| ٣٧٩ | ئەنفال لەكوردستانی عیراق ژ. ز. هۆشیاری(١٨) | ن. مایكڵ لیزنبێرگ و. كارزان محەمەد | ٢٠١١ |
| ٣٨٠ | ئۆپۆزسیۆن لەچەمكەوە بۆ ئەرك، ژ. ز. (١٩) | بەختیار جەبار شاوەیس | ٢٠١١ |
| ٣٨١ | بەشداریكردنی سیاسی ژ. ز. (٢٠) | عابد خالد رەسول | ٢٠١١ |
| ٣٨٢ | سیـستمی فیـدراڵ لەدەوڵـەتی ئیماراتدا، ژ. ز. (٢١) | ن. عەبدوڵڵا عەنزی و. سەردار عبدالكريم | ٢٠١١ |
| ٣٨٣ | كـوردو پرسـی دانپێـدانانی دەستووری | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٨٤ | تیرۆریزم هەرەشەو مەترسیەکان | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٣٨٥ | چرای ماڵە هەژارەکان | ئامادەکردنی:<br>عەلی جۆلا | ٢٠١١ |
| ٣٨٦ | کەلتور – ژمارە (٣) | | ٢٠١١ |
| ٣٨٧ | سیکۆلاریزم بەزمانی سادە - عەلمانیەت | نوسینی : ئاستین کلاین<br>و. لەفارسیەوە:<br>کاوسێن بابەکر | |
| ٣٨٨ | کوردستان | نەوزاد عەلی ئەحمەد | **٢٠١١** |
| ٣٨٩ | دراسة تاريخية وسياسية حول "الشعب الكردي" | تاليف: حسن ارفع<br>ترجمة:عبدالرزاق محمود القيسي | ٢٠١١ |
| ٣٩٠ | کورتەیەك لەتاوانەکانی رژێمی عیراق دژی گەلی کورد | ن: نوری تاڵەبانی<br>و. شاناز رەمزی | ٢٠١١ |
| ٣٩١ | گەشەکردنی سەرمایەداری لەکوردستاندا | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٣٩٢ | سیاسەت لەنێوان بیرو جێبەجێکردندا | و. مظفر عبدالوهاب | ٢٠١١ |
| ٣٩٣ | کورد گەلێکی بێ دەوڵەت<br>زنجیرە نامیلکەی کورد لەمیدیای جیهانیدا، ژمارە(١) | ن. ئینگۆنۆیمایەر<br>و. رێبوار تۆفیق | ٢٠١١ |
| ٣٩٤ | لەدیکتاتۆریەوە بۆ دیموکراسی | ن. د. جین شارپ<br>و. کارزان محمد | ٢٠١١ |
| ٣٩٥ | مۆدێلی حزبایەتی لەکوردستان.<br>ز. هۆشیاری (٢٥) | ئەنوەر حسێن بازگر | ٢٠١١ |
| ٣٩٦ | فلسفة الديمقراطية الاجتماعية<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٦) | د. حميد عزيز<br>ت: محسن بني ويس | ٢٠١١ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٩٧ | دەوڵەتشاری دێرین<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٧) | ن. مۆریس بارییە<br>و. عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١١ |
| ٣٩٨ | ئاین‌و سیاسەت<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٨) | ن. نینیان سمارت<br>و. یاسین عومەر | ٢٠١١ |
| ٣٩٩ | بەجینۆسایدناسینی ئەنفال<br>ژ. ز. هۆشیاری ، ژ(٢٩) | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١١ |
| ٤٠٠ | جیۆپۆلەتیکی کوردستان<br>ژ. ز. هۆشیاری (٣٠) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٤٠١ | دیموکراسی‌و بنەماکانی گەشەپێدانی سیاسی | د. حەمید حسین کازم<br>و. عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٤٠٢ | ثورة كوردستان ومتغيرات العصر (الطبعة الثالثة) | حكمت محمد كريم<br>(ملا بختيار)<br>ترجمة ومراجعة:<br>د. بندر علي اكبر | ٢٠١١ |
| ٤٠٣ | ئەرکەکانی خەبات لەهەلومەرجێکی دژواردا | مام جەلال | ٢٠١١ |
| ٤٠٤ | کێشەی شیعەو سوننە<br>کورتەباسێکی مێژوویی | ن. د. عەلی ئەلوەردی<br>و. عارف کەریم | ٢٠١١ |
| ٤٠٥ | فەلسەفەی سیاسی ئەریستۆتێلیس | ئەمیر حسێن رەحیم | ٢٠١١ |
| ٤٠٦ | جیهانگیری‌و کاریگەری لەسەر سەروەری دەوڵەت | ن. عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١١ |
| ٤٠٧ | بەشداری سیاسی، چەمك‌و گرفتەکان | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٤٠٨ | (S.I) رێکخراوی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال | محەمەد مێرگە سۆری | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٠٩ | پۆلێنكردنی هەڵوێستەكان پێش پرۆسەی هەڵبژاردن و دەنگدان، ز. هۆشیاری، ژ(٣٢) | نیاز سەعید عەلی | ٢٠١١ |
| ٤١٠ | بەهاری عەرەبی و نەورۆزی سەربەخۆیی | ستران عەبدوڵڵا | ٢٠١١ |
| ٤١١ | قوتابخانەی فرانكفۆرت | و. لەسویدیەوە عوسمان حەمە رەشید گوروون | ٢٠١١ |
| ٤١٢ | حدود كوردستان الجنوبية في سنجار حتى بدرة | عبدالرقيب يوسف | ٢٠١١ |
| ٤١٣ | النضال الدستوري للاستاذ ابراهيم احمد في العراق الجمهوري ز. هۆشیاری، ذ(٣٣) | د. شورش حسن عمر | ٢٠١١ |
| ٤١٤ | كوردو توركمان، تێروانینێك بۆ میكانیزمەكانی پێكەوە ژیانی ئاشتیانەی نێوانیان، ز. هۆشیاری، ژ(٣٤) | یوسف گۆران | ٢٠١١ |
| ٤١٥ | عەلمانیەت چییە؟ مانا و پێناسەكانی، ز. ژ(٣٥) | زاهیر شكوور | ٢٠١١ |
| ٤١٦ | خوێندنەوەیەك بۆ فیكری حەسەن بەننا، ژ. ز. (٣٦) | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٤١٧ | شێوەكانی بەدەستهێنانی مافی چارەنووس، ژ. ز. (٣٧) | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١١ |
| ٤١٨ | تعريف الانفال بالإبادة الجماعية، ژ. ز. (٣٨) | تاليف: خليل عبدالله ترجمة: محسن بني ويس | ٢٠١١ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | |
| ٤١٩ | پێنج لێكۆڵینەوە لەبواری سیاسەتی نێودەوڵەتاندا | مستەفا ئیبراهیم دەرویش | ٢٠١١ |
| ٤٢٠ | پرۆگرام و پەیڕەوی ناڤخۆ پەسەندكریێ سێیەمین كۆنگرێ (ی. ن. ك) | مەڵبەندی (٤)ی رێكخستنی دهۆك بەشی روناكبیری | ٢٠١١ |
| ٤٢١ | ئاڵا | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٤٢٢ | تاريخ التبشير المسيحى فى كردستان | الدكتور فرست مرعي | ٢٠١١ |
| ٤٢٣ | قراءة في مفهوم التحديث والتنمية السياسية، ز. هۆشیاری، ژمارە (٣٩) | احسان عبدالهادي | ٢٠١١ |
| ٤٢٤ | كاریگەری قەرزە گشتیەكانی ئەمریكا لەسەر ئابووری ئەمریكا و جیهان، ژ. ز. (٤٠) | فەیسەڵ عەلی | ٢٠١١ |
| ٤٢٥ | فەرهەنگی ئاڤێستا (روسی – كوردی) | ئامادەكردنی: د. نەهرۆ عەلی ئاڤێستا نەهرۆ | ٢٠١١ |
| ٤٢٦ | كوردو دەوڵەت | بەرزان ئەحمەد كوردە | ٢٠١١ |
| ٤٢٧ | التنوع الثقافي والمثاقفة الأنا والآخر | يوسف يوسف | ٢٠١١ |
| ٤٢٨ | كورد لەسوریاو ئاوەربایجانو ئەرمەنستان/ ز. نلمیلكەی كورد لەمیدیای جیهانیدا. ژ.(٢) | ن. م. شترۆهمایەر ل. یالچین هێگمان و. رێبوار تۆفیق بەنگینە | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٢٩ | ئەركەكانی قۆناغی نوێ لەچاوپێكەوتنێكی هەڤاڵ عیماد ئەحمەد دا | ئامادەكردنی: حەمە عەلی غەریب | ٢٠١٢ |
| ٤٣٠ | المشاريع التي قدمها الاتحاد الوطني الكردستاني عام ١٩٨٤ | تقديم فريد اسسرد | ٢٠١٢ |
| ٤٣١ | المحكمة الجنائية العراقية العليا دراسة في مبادىء العدالة | محمد ريبين حسن | ٢٠١٢ |
| ٤٣٢ | دور محكمة العدل الدولية في تطوير القانون الدولي العام | سۆز حميد مجيد | ٢٠١٢ |
| ٤٣٣ | گۆڤاری كەلتور ژمارە (٥) | | ٢٠١٢ |
| ٤٣٤ | كوردانی سوريا لەژێر دەسەڵاتی فەرەنسيدا | نێليدا فۆكارۆ و. لەئەڵمانيەوە: هەڵۆ بەرزنجی | ٢٠١٢ |



**لە دەزگای چاپو پەخشی حەمدی چاپ كراوە**